# دیموکراسی و دەسەڵات لە کوردستان
# گفتوگۆی سایتی دەنگەکان لەگەڵ بەختیار کەریم

**رزگار عومەر: - ئەزموونێک کە دەسەڵاتی کوردی لە 15 ساڵی ڕاپەڕینەوە بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا ساغی کردەوە، هەڵگری زۆر سیماو دیاردەیە، یەکێک لە سیماکانی ئەم ئەزموونە تێگەیشتنی ئەم دەسەڵاتە بوو لە ئازادی و لە دیموکراسی. رووی ڕاستەقینەی ئەم دەسەڵاتە لە شەڕی ناوخۆدا بەرجەستە بوو، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی 2003 وە، چەندین پەردەی تری ماماڵەی ئەم دەسەڵاتەمان بینی، بە ڕای تۆ ئەم ماماڵەو ئەم تێگەیشتنەی دەسەڵاتی کوردی، لە چ لێکدانەوەدا کۆی بکەینەوەو چۆن تیۆریزەی بکەین؟**

بەختیار کەریم: – یادەوەرییەکانمان سەبارەت بەو پانزە ساڵەی ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی کۆمەڵێک یادەوەری ئێجگار تاڵن. پێمانخۆشە بیهێنینەوە یادتان کە لە ساڵی نەوەدویەکدا وەک هەموو هەزرەکارانی ئەو سەردەمە کە تەمەنمان لەنێوان پانزە و شانزە ساڵاندا بوو، کورد واتەنی سمێڵمان تازە گووگرە بووبوو، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ جاش و ئەمنەکان کە جارناجارێک بە زللەیەک یان بە شەقێک کەرامەتمان بروشێنن. ئەو ڕۆژانەی پاش ڕاپەڕین هیواکانمان زۆر و خەونەکانمان زەوەند بوون، پێمانوابوو کە چیتر کەس کەرامەتی لاوانی وڵاتەکەمان ناڕوشێنێت و هەموو زیندانەکان دەکەین بۆ مۆزەخانە. بەڵام تەنها پاش ساڵیک لە ئەزموونکردنی ئازادیی، ئازادییەک کە بەرهەمی خوێن و فیداکاری ئەو مرۆڤە باڵایانە بوو کە خەونیان بە نیشتیمانێکەوە دەبینی کە ئەشکەنجەی تێدا نەبێت و گەل خۆی فەرمانڕەوای خۆی بێت، لەو خەونە خۆشەی ئازادی بەئاگایان هێنایەوە و لە پرۆسەی پەنجا بە پەنجادا خەونی دیمۆکراسیبوونی کوردیان کردە قوربانی خەونی دوو پیاو، دوو خێڵ و دوو حیزب. لە هەمووی تراژیدیتر تەنها پاش دوو ساڵ ئەم دوو سەرکردە، خێڵ و حیزبە هەموو خەونەکانی ئێمە و نەتەوەکەمانیان کردە قوربانی ململانێ خێڵەکیەکانی خۆیان و خولیای پاوانخوازیان، کە مەگەر هەر لە ڕەوشتی ئاغا و بەگەکانی سەدەی نۆزدەدا هەبوبێت و هەر لەو میرانە وەشابێتەوە کە مێژووی ئێمەیان بە خوێنی کوردکوژی نەخشاندوە. ئەگەر دابەشکردنی فیفتی فیفتی بە فیفتی دەسەڵات ساتەوەختی لاقەکردن و پاشان هەڵواسینی جەستەی لاقەکراوی "خەونی دیمۆکراسی" و پەرلەمان بووبێت بە دارتووەکانی بەردەمی ماڵی ئەم دوو سەرکردەیەدا، ئەوا شەڕی ناوخۆ مەرگی زۆر شتی ئێجگار پیرۆز بوو، لە هەموویان خەمناکتر مەرگی پێشمەرگە بوو، ئیتر لەگەڵ تەقینی یەکەم فیشەکی شەڕی ناوخۆدا پێشمەرگە پێکرا و کەسیش ئامادە نەبوو فریای خەستەخانەی بخات تا دواجار لەو کەپکانەی شەڕی ئەم دوو پیاوەی لەسەر دەکرا پێشمەرگە وەک فینۆمینای تێکۆشان و شکۆی نەتەوایەتی ئێمە شەهیدبوو. ئەم سەرکردایەتیە بەر لە هەموومان خیانەتیان لەو هاوڕیانەی شاخ کرد کە لەپێناوی ئەوەی ئێمە باشتر بژین شەهیدبوون، ئەزیزم تۆ پێمانبڵێ چ خیانەتێک هەیە لەمە گەورەتر؟

لەو پانزە ساڵەدا هەڵە و چەوتیەکانی سەرکردایەتی کورد ئەوەندە زۆرن کە دەیان کتێب و ساڵانیک لە تێرامانمان دەوێت بۆ نووسینەوەیان. بەڵام ئەم چەوتوچەوڵیانە لەگەڵ داگیرکردنی عێراقدا لەلایەن ئەمریکاوە کۆتایی نەهات، بگرە ئاراستە و ڕەهەندێکی سامناکتری وەرگرت. داگیرکردنی عێراق ساتەوەختێکی مێژوویی گرنگە کە ڕۆژێک نەوەکانی دی دێن و تف لە گۆڕی خۆمان و سەرکردەکانمان دەکەن بۆ ئەو دەستەوسانیە کوشندەیەی نواندمان، هیچ نەکرا هەر هیچ. کەرکوک نغرۆی وێنە ناشیرینەکانی بارزانی و تاڵەبانی کرا، هەرچی لۆتیەکانی کوردستان هەیە لەوێ گۆرانیان گووت و ئێمەش وەک ئەوەی کۆتایی تەنگژەکان بێت وەک شێت قوونمان بادەدا. ئێستاش کەرکوک لە کوێیە و کەرکوکیەکان لە چ دۆخێکدان؟ ئەگەر سەرکردەکانی کورد بدوێنیت پێمان دەڵێن ئەوە نییە بووینە هاوپەیمانی ئەمریکا! ئەدی نابینن لە بەغدا پۆستمان وەرگرتوە، ئەوە مادەی

پەنجاوهەشت و ئەوەش دەستور و فیدراڵی. لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلانە تووشی ئازارێکی ڕۆحی ئەوەندە گەورەمان دەکات، کە ناچارین خۆمانی لێبدزینەوە. بەڵام ڕەوایە بیری خۆمانی بهێنینەوە کە ئێستا ساتەوەختێکە بۆ بەخۆداچوونەوە و پرسیارکردن لەو ڕۆحە بۆگەنانەمان کە تەنها لە خەمی ورگ و گیرفانی خۆماندابن، کاتی ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ڕاستیە کوشندەکان ببینەوە، واز لە چەپڵەلێدان بهێنین و بیرێک لە ئایندەی خۆمان بکەینەوە. تۆ بڕوانە چی هەیە لەوە بەدبەختییتر، ئێمە خاوەنی دوو سەرکردەی ئێجگار خراپین، کەچی کەس بۆی نییە ناویان لە ڕستەیەکی خواروخێچدا بەکاربهێنێت. ئێستا لە کوردستان هەر بەزۆر بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن کە دەبێت دەیان پێشگر بخرێتە پێش ناوی ئەم سەرکردانەوە وەک جەنابی سەرۆک و هێژا سەرۆک و شتی عەنتیکەی لەو بابەتە، بە دووری نازانین کە ئەو ڕۆحە ستەمکارەی حیزب و سەرکردەکانمان پاش ماوەیەکی دیکە ناچارمان بکەن "خودابیپارێزێ"ش بکەینە پاشناو. بەڵام ئەم ئەزیزانە ئاگادارن لەوەی کە تووڕەیی خەڵک گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بە ئاشکرا و بە نهێنی جنێوی سووک بەم سەرکردانە بگووترێت، ئەمەش زادەی بێڕێزی نییە بەڵکو زادەی ئەو ڕاستیەیە کە ئەم سەرکردانە هەموو ڕێز و شکۆی خۆیان لەدەستداوە و وا ئاسان بۆیان کۆناکرێتەوە.

لەپاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، بەر لەهەموو شتێک جەماوەری کوردستان لەلایەن نووسەرانی دەسەڵاتەوە بە شتی لاوەکیەوە سەرقاڵکران. کەس بۆی نەبوو بڵێ ئەمریکا داگیرکەرە ئەگەر نا ئەم نووسەرانە وەک گای سەرشێت دەیاندایە بەر شۆق و بە فاشیست و شتی لەو جۆرە ناویان دەبرد. لەکاتێکدا ئەمە زادەی نائاگاهیی ئەم ئەزیزانە بوو لە یاسای نێودەوڵەتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی، زادەی ئەوە بوو کە هیچیان لەسەر ئەمریکا نەخوێندۆتەوە و هیچی دەربارە نازانن. چونکە ئەوە خودی ئەمریکا بوو لە دەرئەنجامی شاڵاوێکی دیپلۆماسی چڕوپڕدا پێگەی داگیرکەری کردە واقیعێکی سیاسی و یاسایی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی ماف، ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی داگیرکەر دەستەبەر بکات کە یاسای نێودەوڵەتی پێی دەبەخشێت. بەڵام ئەم نووسەرانە هەر سووربوون لەسەرئەوەی ئەمریکا فریادڕەس و ڕزگارکەرە، ئەبێ ئێستا چییان هەبێت بۆ گووتن؟

سەبارەت بەوەی چ لێکدانەوەیەکمان بۆ تێگەیشتنی دەسەڵات هەبێت و چۆن تیۆریزەی بکەین، دەبێت لە یادمان نەچێت کە لەهەر بوارێکدا کە تۆ لێکۆڵینەوە دەکەیت ناچاریت بەپێی میتۆدۆلۆجی ئەو بوارە لێکۆڵینەوەکەت بکەیت. مەبەستمان نییە پێشنیاری ئەوە بکەین کە ناکرێت لە میتۆدلۆجی بوارێکی دیاریکراو دەربچین، چونکە لەم ڕۆژگارەدا بوارە جیاوازەکان خزمایەتیان هەیە و کاریگەریی لەسەر یەک دادەنێن، کە دەکرێت لە هاوبەندیدا کاریان تێدابکەین، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە، دەبێت لێکۆڵەر بەر لە هەموو شتێک ڕێز بۆ ئەو بوارە و تیۆریزانە بەناوبانگەکانی دابنێت و مەرجە ئەکادەمیەکانی لێکۆڵینە و ڕاڤەکردن پشتگوێ نەخات. پاشان هەوڵەکانمان بۆ تیۆریزەکردنی هەلومەرجی سیاسی و دۆخی هەنووکەیی دەسەڵاتی کوردی و تێگەیشتنی ئەو دەسەڵاتە بۆ پرۆژەکانی خۆی و بۆ بارودۆخی کۆمەڵگای ئێمە، دەبێت ئەو ئاستە باوە لە وابەستەیی ڕۆشنبیر و تیرۆتیزان بە کوردایەتیەوە ببەزێنێت. ناکرێت ئێمە لەتێڕامانماندا بۆ دەسەڵاتی کوردی خەمی ئەوەمان هەبێت کە ئەم دەسەڵاتە لەبەین دەچێت و ڕێگە بۆ بزوتنەوە تاریکیدۆستەکانی ئیسلامیی ئاوەڵادەبێت کە دەسەڵات بگرنە دەست. ئەوە کاری خودی دەسەڵاتە کە دەبێت بەتەنگ سیما و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە بێت، نەک کاری ڕۆشنبیر و لێکۆڵەرەوە. پەردەپۆشکردنی کەموکوڕیەکانی دەسەڵاتی کوردی یەکێکە لەو دیاردە کوشندانەی زۆربەی ئەکادەمیست و ڕۆشنبیرانی ئێمە دەیکەن، کە ئەمە دواجار دەبێتە شەرعیەتی لەبار بۆ دەسەڵات و درێژەدانی بەو ڕێچکەیەی لەسەری دەڕوات. ئەوە کاری ڕۆشنبیر نییە، کە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی خۆماڵیە، ئیتر پێویستە ئەشکەنجەکانی وەک پێداویستی و کەموکورییەکانی بەڕۆحێکی کوردانەوە وەربگرین و هیچ نەڵێین. ئەم تێڕوانینە کوشندەیە لەم چەند ساڵەی دوایدا هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەو خورافەیە بوو کە گوایا دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی دیمۆکراتە، دەسەڵاتێکە کە ئەگەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی بهێڵێت دەبێتە نمونەیەک و ئەزموونێک بۆ دەوڵەتانی دراوسێ. ئەم گومراییە تا ئەو ئەندازەیە پەلی هاویشتبوو کە هەندێک لەم نووسەرە خۆشخەیاڵانە دەیانگووت ئەزموونی دیمۆکراسی ئێمە کاریگەری لەسەر کۆی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست دەبێت، وەک ئەوەی ئەزموون کەم بن کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانن سوودی لێوەربگرن، وەک ئەوەی بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیە کۆمەڵگای عەرەبی چاوەڕوانی کورد بووبێت تا دواجار دیمۆکراتیان بکات. ئەم ئەزیزانە وێڕای نزیکایەتیان لە هزری عەرەبیەوە، وێڕای ئەوەی جگە لە سەرچاوە عەرەبیەکان هیچ دەروازەیەکی تر شکنابەن بۆ خویندنەوە، کەچی هیچ لە هەلومەرجی کۆمەڵگا عەرەبیەکان تێنەگەیشتوون و لەو بڕوایەدان کە کورد دیمۆکراتیزەیان دەکات. ئەم تێڕاونینە کە گوایا کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتە ئەوەندە کوشندەیە کە ئەمڕۆ لەوڵاتی ئێمە تێگەیشتنی جەماوەریی بۆ دیمۆکراسی لەباشترین حاڵەتدا تێگەشتنێکی کەموکورتە ئەگەر سەقەت نەبێت. لێرەوە هەر تیۆریزەکردنێک کە زادەی خەیاڵدان و فەنتازیاکانی نووسەر بێت جگە لەوەی مەرجە ئەکادەمیەکانی لێکۆڵینەوە پێشێل دەکات، کاریگەریەکی زۆر خراپیش لەسەر تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ ئەو چەمکانە دادەنێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە لێبکۆڵینەوە هەلومەرجی واقیعی نێو کۆمەڵگای ئێمەیە نەک ئەوەی خولیامانە. قسەکردن لەسەر هەر چەمک و بابەتێک کارێکی شیاوە، بەڵام ئەوەی شیاو نییە ئەوەیە کە بە تۆپزی دیاردەیەک یان تایبەتمەندیەک ببەخشین بە شتێک کە نییەتی. هاوکات بۆ تێگەیشتن لە سیما و کاراکتەرە دیارەکانی دەسەڵاتی کوردی، پێویستمان بە بوێریەک هەیە کە ڕێگەمان بۆ خۆشبکات لەو شتانە ڕابمێنین کە کراونەتە تابو لە کۆمەڵگای ئێمەدا. ناکرێت تۆ دەسەڵاتێک ڕاڤەبکەیت، بەبێ ئەوەی بوێریت هەژموونی دوو خێڵی باڵادەست بخەیتە ژێر پرسیارەوە.

**ڕزگار عومەر: - دوای پانزە ساڵ لە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی، ئەم دەسەڵاتە لە ڕۆژگارێکدا درێژە بەم ئەزموونەی خۆی دەدا، کە لە گرەوی کۆنترۆڵ کردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندایە. بۆ ئەم کۆنترۆڵ کردنە زۆر ڕێگا دەگرێتە بەر، جارێک بە میلیتایزەکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و تەقە کردن لە خەڵکی سیڤیل، جارێکی تر بە هەڕەشە، جارێکی تر بە بۆیە کردنەوەی بەڵێنە سواوەکان، جارێکی تر بە میدیا. پێت وایە ئێمە لە ئایندەدا بەرەو ڕووی گۆڕانکاری چارەنوساز دەبینەوە، کە هیچ لەم وەسیلانەی دەسەڵات نەتوانێ کۆنترۆڵی ئەم شەپۆلانە بکات؟**

بەختیار کەریم: بەپێی پێناسە بەناوبانگەکەی ماکس وێبەر دەسەڵات بریتیە لە قۆزتنەوەی "گشت دەرفەتێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا بۆ سەپاندنی ئیرادەی کەسێک تەنانەت ئەگەر لە دژی بەرهەڵستیش بێت". لێرەوە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە لە دەسەڵات بکەین کە هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆنتڕۆڵکردنی کۆی پانتاییەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی چڕنەکاتەوە. لەو جێگایانەی دەسەڵات ئەمە ناکات، لەو جێگایانەی دەسەڵات پەناناباتە بەر توندوتیژی، لەبەرئەوەیە کە تۆڕێکی بەربڵاو لە میکانیزمەکانی "چاودێری و هاوسەنگی" فەراهەمە. دەسەڵاتداران لەو جێگایانەی پەنانابەنە بەر توندوتیژی لەبەرئەوەنییە کە فریشتەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە ڕێگرن لەمە. هەڵەیەکی کوشندەیە دەسەڵاتدار وەک فریشتە ببینین، یان باشی و خراپی دەسەڵات ببەستینەوە بەم یان بەو سەرکردەوە. سروشتی دەسەڵات وایە کە ناچارە تودوتیژی وەک میکانیزمێکی کۆنترۆڵ پراکتیزەبکات، توندوتیژی دەسەڵات پەیوەندی نییە بە کەسایەتیەوە وەک تیۆریزانی قوتابخانەکانی ڕەفتارگەرایی و تیۆری ڕەشناڵ پێماندەڵێن، بەڵکو پەیوەستە بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەی کە دەسەڵات تێیدا پراکتیزەدەکرێت لەگەڵ ئەو ستراکچەرە کۆمەڵایەتیانەی دەسەڵات لە چوارچێوەیاندا دەجمێت. هەموومان لە ساتەوەختی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا گەندەڵ دەبین و هەوڵی فراوانترکردنی پانتایی دەسەڵاتی خۆمان دەدەین. من، تۆ، مەلایەک، ڕۆمانووسێک، عارف یان فەیلەسوفێک کە دەسەلاتمان گرتەدەست گەندەڵ دەبین، تەنها شتێک کە ڕێگەمان لێبگرێت ئەو میکانیزمانەن کە پێداچوونەوەی بڕیار و کردارەکانمان دەکەن، ئەو دامەزراوانەن کە سەرکۆنەی هەموو جووڵەیەکمان دەکەن. لە نائامەدەگی ئەم میکانیزمانەی "چاودێری و هاوسەنگی"دا ستمەکاری و گەندەڵیی باڵادەست دەبێت و لە ئامادەگیشیاندا دیمۆکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی. بیریار و مێژوونووسی ئینگلیزی "لۆرد ئاکتن" جوانی گووتووە کە "دەسەڵات گەندەڵمان دەکات و دەسەڵاتی ڕەهاش بە ڕەهایی گەندەڵمان دەکات". بۆ ئەوەی بەر بەمە بگرین دەبێت لە پرۆسەیەکی نەپساوەی

کۆمەڵایەتییانەی چاودێریدا بین، دەبێت بە چاوی گومانەوە لە سەرکردەکان بڕوانین، بەدەر لەوەی کێن و کوڕی کێن. هەڵەیەکی کەمەرشکێنە کۆمەڵگا متمانەی کوێرانەی خۆی بدات بە سەرکردەیەک یان دەسەڵاتدارێک، متمانەی کوێرانە کوشتنی دیمۆکراسیە و مۆڵەتدانە بە دەسەڵاتدار بۆ هەنگاونان بەرەوە ستەمکاری. لێرەدا گرنگە جەخت لە ڕەهەندە مۆراڵیەکەی دەسەڵات بکەینەوە، کە دەکرێت بڵێین ئەو پانتاییە گرنگەیە کە دەسەڵاتدار و هاوڵاتی سنوور بۆ یەکتر دیاری دەکەن. ئێمە ئەگەر گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئەرکی مۆراڵیمانە لە دەسەڵاتداران بپرسینەوە، کە ڕیگەیان نەدەین سەروەتی کۆمەڵگا بەفیڕۆبدەن، ئەوکات دەسەڵاتداران ناچاردەبن لە چوارچیوەی ئەو کۆدە مۆراڵیانەدا کاربکەن کە کۆمەڵگا بۆیان دەکێشێت. هیچ دەسەڵاتدارێک بەبێ لێپرسینەوە ئەرکەکانی خۆی بەجێناگەیەنێت، هاوکات هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ ئەو هەستە مۆراڵیە توانای جڵەوگیرکردنی دەسەڵاتدارانی نابێت. لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەسەڵات وابەستەی پلەوپایە، سەروەت و شکۆ کراوە، لەکاتێکدا دەسەڵاتدار جگە لە فەرمانبەرێکی کۆمەڵگا زیاتر هیچی دیکە نییە، فەرمانبەرێک کە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە کە پێویستە بەجێیانبگەیەنێت لەبەرامبەر موچەیەکی کەم کە مەمرە و مەژی پێی گوزەران بکات، لە کاتێکیشدا ئەگەر دەسەڵاتدار لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی دواکەوت دەبێت شەقێکی تێهەڵبدرێت و تڕۆبکرێت، نەک وەک لای ئێمە حەفتا پشتی بحەوێنرێتەوە. هەر ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکیەی نێوان دەسەڵات و ئازادییە (واتا لەگەڵ فراوانبوونی دەسەڵاتدا ئازادییەکان بەرتەسکدەبنەوە و لەگەڵ فراوانتربوونی سنووری ئازادییەکاندا دەسەڵات بەرتەسکدەبێتەوە) وای لە بیریارێکی وەک "جۆن ستیوارت میڵ" کردوە کە بڵێت "بۆ پاراستنی ئازادییەکان لە پێشێلکردن، پێویستە دەسەڵات دابەزێنرێت بۆ مەقامی حەسحەس (پاسەوانی شەو)". بەواتایەکی تر دەسەڵات پێویستە ئەوەندە بەرتەسک بکرێتەوە کە تەنها ئەرکی پاسەوانی پێبدرێت، نەک کۆنترۆڵکردنی کۆی کۆمەڵگا و ئەندامەکانی. لێرەوە ڕەوایە فیکەیەک بدەین بە سەرکردەکانمان، بە تاڵەبانی و بارزانیەوە، و بیانکەین بە پاسەوانی شەقامەکانمان، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە کاری سەرەکی دەسەڵاتدارانە کە لە هەڕەشەی دەرەکیی و ناوەکی بماپارێزن، نەک قەڵا لەسەر ئێسقانی شەهیدەکانمان دروست بکەن.

دەسەڵات و توندوتیژی دوو ڕووی هەمان دراون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی یەکێکیان چاودێری ئیمپێریکی ئەوی تریان کاری نەکردەیە، هاوکات هەموو هەوڵێک بۆ تیۆریزەکردنی دەسەڵات بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەرەستە و میکانیزمەکانی توندوتیژی جگە لە بەفیڕۆدانی وشە هیچی دیکە نییە. بیریاران ئازارێکی زۆریان چەشتوە بۆ ئەوەی دەسەڵات لە توندوتیژی جیابکەنەوە، بەڵام تا ئەو جێگایەی ئێمە ئاگاداربین کەس سەرکەوتو نەبووە. دەکرێت چەمکێکی دیکە لە دەسەڵات جیابکەینەوە کە ڕوویەکی تەواو مرۆڤانەی هەیە، بە پێچەوانەی دەسەڵاتەوە کە ڕوویەکی ئەهریمەنی و توندوتیژی هەیە، ئەو چەمکەش "ئەوتۆرێتی"یە. بیریاری سیاسی بەناوبانگ "هانا ئارێنت" و سۆسیۆلگی ئەمریکی "تالکۆت پارسنس" دووان لەو ناوە دیارانەن کە هەوڵیان داوە دەسەڵات و ئۆتۆرێتی لێکجودابکەنەوە. ئەگەر دەسەڵات وەک گووتمان بەبێ توندوتیژی و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و دیسپلین هەڵنەکات، ئەوا لە ئامادەگی ئەمانەدا "ئەتۆرێتی" لەبەین دەچێت. ئەوتۆرێتی لەگەڵ "ناچارکردن لەڕێگای هێزەوە" یان لەگەڵ "ڕازیکردن لەڕێگای ئارگومێنتەوە" هەڵناکات. چونکە ئەوتۆرێتی لە هەناوی جڤاتەوە هەڵدەقوڵێت و دەبێت وەک سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵات لێیبڕوانین. ئەوە جڤاتە کە خاوەنی ئەوتۆرێتیە و هەر جڤاتیشە کە دەسەڵات دەدات بە دەسەڵاتداران و توانای هەیە لێیان بسەنێتەوە. ئەوەی بۆ مەبەستەکەی ئێمە گرنگە تێڕوانینی کۆمەڵایەی ئێمەیە بۆ سەرچاوەی دەسەڵات، واتا ئەتۆرێتی. ئەگەر لە "ڕۆم" تێگەیشتنێک هەبووبێت کە گوایا ئەوتۆرێتی موڵکی ئەو پیاوانەیە کە شاریان دروستکرد، ئەوا لای ئێمە تێگەیشتنێک هەیە کە ئەوتۆرێتی موڵکی ئەو پیاوانەیە کە شاریان ڕزگارکرد. لێرەوە لە ئەنجامی ئەم تێگەیشتنە کۆمەڵگا مۆڵەتێکی هەمیشەیی داوە بەو کۆمەڵە پیاوەی شاریان ڕزگارکرد کە چۆن دەسەڵاتداری دەکەن بیکەن. ئەوەی پێویستە بکرێت گێڕانەوەی ئەوتۆرێتیە بۆ خاوەنەکەی کە جڤاتی کوردیە، ئەوکات ئەو جڤاتە خۆی دەتوانێت ئەو کەسانە دەسەڵاتدار بکات کە دەیخوازێت.

گرنگە لیرەدا ئاماژە بە ڕەهەندە یاسایەکەی توندوتیژیی بکەین، کە یەکێکە لە سێ جۆرەکەی دەسەڵات لای "وێبەر". دەسەڵات هەمیشە پێویستی بە جۆرێک لە دەسەڵاتی یاسایی هەیە کە شەرعیەتەکەی لە ڕەشناڵی پاراستنی کۆمەڵگاوە

سەرچاوەدەگرێت. ئەم ڕەهەندە توندوتیژەی دەسەڵات ئاسانترینیانە، کاتێک دەسەڵات هەوڵ دەدات شەرعیەتی بۆ بدۆزێتەوە. ئەوەی بۆ مەبەستەکەی ئێمە گرنگە ئەوەیە، کە ڕەوایە کۆمەڵگا کەمترین ڕادەی ئەم توندوتیژیە قبوڵبکات، بەڵام لە بەرامبەردا پێویستە هەمان توندوتیژیی یاسایی بەرامبەر بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتیش بەکاربهێنرێت. واتا ئەگەر سەرۆک دزیی کرد، وەک لای ئێمە باوە، ئەوا کۆمەڵگا دەبێت هەمان سزای بدات کە بەسەر هاوڵاتیەکی ئاساییدا دەسەپێنێت.

با بگەڕێینەوە سەر دەسەڵاتی کوردی و هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنێکی ڕەهای کۆمەڵگا و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو هەوڵەکانی گۆڕان. دەکرێت بڵێین سادەترین و جوانترین پێناسە بۆ دەسەڵات پێناسەکەی "جۆن لۆک"ە کە دەڵێت دەسەڵات بریتیە لە هەبوونی "توانای دروستکردن، قبووڵکردن یان بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان". دەسەڵاتی کوردی هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی توندوتیژی گۆڕان تەرخانکردوە، بەڵام هیچ هەوڵێک نادات بۆ دروستکردنی گۆڕان یان تەنانەت قبووڵکردنی ئەو گۆڕانانەی کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێت. دەسەڵاتی کوردی هەموو تواناکانی خۆی، هەموو میکانیزمە مۆدێرنەکانی توندوتیژیی و کۆی داهاتەکانی بەردەستی، تەرخان دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان، بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو پێشنیارێک کە بۆنی چاکسازیی لێبێت. لەکاتێکدا کە ئەم دەسەڵاتە زۆر ئاسان دەتوانێت ئەو وزە و سەروەتەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان بەکاریدەهێنێت و لە ئەنجامدا سیمای خۆی دزێوتر دەکات، بەکاریبهێنێت بۆ پێشڕەویی کردنی گۆڕان و لە ئەنجامدا سیمای خۆی جوانبکاتەوە.

ئەو میکانیزمانەی تۆی بەڕیز ئاماژەت پێدان کە دەسەڵاتی کوردی پەنایان دەباتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناڕەزایی جەماوەریی تەنها ئەو میکانیزمانەن کە چاودێران جەختی لێدەکەنەوە، لەکاتێکدا چەندین میکانیزمی گرنگی دیکە هەن کە چاوی چاودێری ئاسایی نایانبینێت. گرنگە لە تێڕامانماندا لە دەسەڵات هەوڵی دۆزینەوەی ئەو میکانیزمانەش بدەین کە کۆمەکی دەسەڵات دەکەن بۆ بەردەوامی لەو ڕێچکەیەی گرتویەتیە بەر. مەبەست لەو میکانیزمانە ئەوانەن کە پەنهانن، لە کەسانێکدا نیشتەجێن کە لەپشتی پەردەوە، لە پشتی جامی تاریکی ئۆتۆمۆبێلەکانەوە، ئەجێنداکان بەرزدەکەنەوە و کاریگەریان هەیە لەسەر دەسەڵات. ئەم میکانیزمانە فرەن، بەڵام لیرەدا ئێمە گرنگی دەدەین بە تەنها وێناکردنی "ئێمە" بۆ دەسەڵات، بەتایبەتی وێناکردنی ڕۆشنبیران بۆ دەسەڵات کە زۆرجار دەبێتە مۆڵەت بۆ دەسەڵات تا بەردەوامی بە توندوتیژیەکانی خۆی بدات، بەواتایەکی تر ڕۆشنبیران شەرعیەت بۆ توندوتیژیەکانی دەسەڵات دەدۆزنەوە لە ڕێگای تیۆریزەکردنی وەهمەوە، لەڕێگای خولیای شاعیرانەیانەوە.

ئێدوارد سەعید گومان دەخاتە سەر مەبەستی وێناکردنی ئێمە بۆ دەسەڵات و ئەو خولیایانەی لە پشتی ئەم وێناکردنەوەن، پاشان دەپرسێت ئەو پەیوەندیە چیە ئەم وێناکردنە مەبەستدارە و ئەو وێنانەی بەرهەمدێن پێکەوە گرێدەدا؟ سەعید بڕوایوایە ئەو وێنە هزریانەی لەسەر دەسەڵات بەرهەمدێن نا ئەندازیەکی یەکلاکەرەوە وابەستی خودی وێناکردنی ئێمەن بۆ دەسەڵات. بەواتایەکی دیکە کاتێک ڕۆشنبیرانی ئێمە لە ڕێگای فەنتازیاکانی خۆیانەوە دەسەڵاتی کوردی وەک دەسەڵاتێکی دیمۆکرات وێنادەکەن، لە دەرئەنجامدا وێنەیەکی دیمۆکراسیانە بۆ دەسەڵات دەکێشن کە تەنها زادەی خەیاڵی ئەوانە، شتێک نییە کە ڕەنگدانەوەی تێڕامانێکی قووڵی ئەو واقیعە سیاسیە بێت کە کۆمەڵگای ئێمەی تێدایە. سامناکی ئەم تیۆریزەکردنەی خەیاڵ و وەهم، ریسکەکانی ئەم وێناکردنە فەنتازیە بۆ واقیعێکی سیاسی کە ستەمکاری و گەندەڵیی تێیدا باڵادەستە، لەوەدایە کە وەهمێکی کۆمەڵایەتی لەسەر دەسەڵاتی کوردی دروست دەبێت، وەهمێک کە دەسەڵاتی کوردی وەک یەکێک لە دەسەڵاتە دیمۆکراسیەکان دەناسێنێت، بەڵام کاتێک کۆمەڵگا لەم وەهمە و لەم خەونە بەئاگادێتەوە تووشی نامۆبوونێکی خەتەرناک دەبێت، کە بەر لە هەموو کەس دەسەڵات باجەکانی دەدات. پاشان خەتەرێکی دیکەی ئەم پرۆسەیە دۆزینەوەی شەرعیەتە بۆ دەسەڵات لە کردارەکانیدا تەنانەت لەو کاتانەشەدا کە لە لوتکەی توندوتیژیدان. لەم ئاستەدا دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکە بە واتای وشە تۆتالیتێر، نەک ئەتۆریتێریان، چونکە جگە لەوەی سەرکردە لە چەقی ژیانی سیاسییدایە، ڕۆشنبیران وەک سوورەی بەر لەشکر باشترین و لەبارترین میکانیزمی کۆنترۆڵ بۆ ئەم دەسەڵاتە فەراهەم دەکەن.

بەڵام، ئایا دەسەڵاتی کوردی دەتوانیت بەردەوام بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژمانەی نارەزایی بەبەکارهێنانی ئەم میکانیزمانە؟ لەڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەچێتە خانەی پێشبینیەوە کە زیاتر کاری پێغەمبەرەکانە کە زۆربەی کات هەڵەن، ئێمە پەبادەگرین لەو جۆرە لە پێشبینی. بەهەرحاڵ دەبێت یادی خۆمانی بهێنینەوە کە ئەم میکانیزمانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ستکەمکاری دیکەوە، لە شوێنی دیکە و لە سەردەمی دیکەدا بەکاربراون بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی ستەمکار، بەڵام ئەوەی بەدەستهاتوە تەنها درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵات بووە بە ماوەیەک، دواجار ناچارکراوە بە گۆڕان یان تووڕهەڵدراوەتە نێو زبڵدانی مێژووەوە بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوشێوەکانیاندا بەسەر ببات. ئایا ئەمەش هەمان چارەنووسی دەسەڵاتی کوردی دەبێت؟ پرسیارێکە بۆ ئایندەیەکی زۆر نزیک بەجێدەمێنێت.

**ڕزگار عومەر: - سەبارەت بە ئایندەی ئەم جموجوڵە جەماوەریانەی کوردستان تێگەیشتنی جۆراو جۆر تاوتوێ دەکرێ، ئەگەر ئەم جموجوڵە فراوانتر بێ و شارە سەرەکیەکانی کودستانی بگرێتەوە، بە ئاستێک کە هەیبەت و هەژموونی ئەم دەسەڵاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرزی گەورەی تێ بکەوێ لە کۆنترۆڵ کردنا. لە بارودۆخێکی وادا، لە نەبوونی پرۆژەیەکی دیاری کراوی سەرتاسەری جەماوەری لە کوردستان بۆ دیموکراسی و بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پێت وانیە ئەنجامەکانی بە شێوەیەک بێ کەبچێتە گیرفانی بەدیلەکانی تر کە برابەشن لە دەسەڵاتی کوردی وەکو حیزبە دینیەکان؟ ئەگەر ئەم دوو دڵیە ڕاستیەکی تێدایە، پێت وایە چ پرۆژەیەک دەتوانێ بەر بەئەنجامی لەو بابەتە بگرێ؟**

بەختیار کەریم: - بەبڕوای ئێمە ئەم جموجوڵانەی نارەزایی لە کوردستان وەک هەر بزوتنەوەیەکی نارێکخراو ئامادەباشن بۆ ئەوەی لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا بکەونەوە ژێر کاریگەریی ئاراستەکانی حیزب و دەسەڵات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم بزوتنەوانە ئاراستە، جیهانبینی و خەونی یۆتۆپییان نییە تا خۆ بەدەستەوەدانیان ئەستەم بێت. ئەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی خویندکارانی فەرەنسی ساڵانی شەست نین، کە کۆی ڕۆشنبیرانی لە خۆی کۆکردبێتەوە خولیای سنووردانانی هەبێت بۆ دەسەڵاتی ئەوتۆریتێریانی دیگۆلی. ئەم بزوتنەوانە دەرهاویشتەی ئەو گەندەڵییەن کە دەسەڵاتی کوردی بە شێوەیەکی سیستیماتیک لە بارزانیەوە بۆ ناوچەکانی پارتی و لە تاڵەبانیەوە بۆ کۆمیتەکانی یەکێتی پیادەی دەکەن. ئەم گەندەڵییە کە بۆتە هۆی دروستبوونی نابەرابەریەکی ناسروشتیی کۆمەڵایەتی، توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ناچارکردوە بۆ مەبەستە تایبەتەکانی خۆیان نارەزایی دەرببڕن. دەسەڵات زۆر ئاسان دەتوانێت ئەم بزوتنەوانە کۆنترۆڵبکات، لەڕێگای سووکردن و ناوزڕاندنیانەوە، لەڕیگای بەڵێنی درۆ و هێورکردنەوەیانەوە یان لە ڕێگای توندوتیژیەوە. با لەبیرمان نەچێت ئەمڕۆ گەورەترین ژمارەی ڕۆشنبیران چڵکاوخوری ئەم دەسەڵاتەن و دەتوانن باشترین خزمەت بە دەسەڵات بکەن. لە هیچ سەردەمێکدا مێگەلی ئەوەندە گەورە لە ڕۆشنبیران حیزبی نەبوون، نەک هەر تەنها ئەم مێگەلە لە ڕۆشنبیران حیزبین بەڵکو باعە و بارەی نەزانینیان لەسەر فەرمانی مایسترۆکانی حیزب دەستپێدەکەن و هەر بە فەرمانی ئەوانیش دەمیان دادەخەن. لێرەوە یەکێک لەو کارە گرنگانەی پێشڕەوانی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە دەبێت بیکەن بردنەوەی هاوپشتی ئەو ژمارە ئێجگار کەمەی ڕۆشنبیر و نووسەری سەربەخۆیە، بەڵام چونکە ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان نییە، چونکە نایەوێت هیچ ڕەهەندێکی سیاسی هەبێت، هەوڵ نادات ئەم پاڵپشتیە دەستەبەر بکات. هاوکات ئەم بزوتنەوانە کە توێژی لاوی کۆمەڵگای ئێمە لە بەرەی پێشەوەیدان، بەر لە هەموو شتێک دەبێت خۆیان لە کاریگەریەکانی ئەو ڕۆشنیرانە ڕزگاربکەن کە وێنەی ناشیرینیان بۆ دروست دەکەن، بە ئەسپێکۆڕ و نەخوێندەوار لە قەڵەمیان دەدەن. ئەگەر شەڕی یەکەمی ئەم نەوە نوێیە لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانە نەبێت کە بەشێکی کاریگەرن لە مەکینەکانی بەڕێوەبردنی زەبروزەنگی دەسەڵات، ئەگەر شەڕی یەکەم هەوڵی ترۆکردنی ئەم توێژە بەناو ڕۆشنبیرە نەدات، هیچ سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنێت، بگرە بە تێپەڕبوونی چەد ساڵێکی کەم ئەم لاوانە خۆیان دەبنە هەمان توێژی سەرکوتگەر و ڕووبەڕووی نەوەی داهاتوو دەبنەوە. بەڵام ئەم شەڕە بەبێ خۆچەکدارکردنی ئەم نەوەیە بە مەعریفەی تەندروست، شەڕێک دەبێت کە بەر لە هەڵایسانی دۆڕانی خۆی دەستەبەر دەکات، شەڕی ئەو مێگەلە لە ڕۆشنبیران، بە خوێندکارانی خودی ئەو توێژە ناکرێت، بەڵکو بەوە دەکرێت کە ئەم نەوەیە سەرچاوەی نوێ بۆ

خۆبارگاویکردن بە مەعریفە بدزۆزێتەوە، هاوکات هەوڵی نەپساوە بدات بۆ خاڵیبوونەوە لە کاریگەرییەکانی ئەم توێژە بێبەرهەمە.

زۆر گرنگە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەو ئاستە باوەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەوەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێک کە نەوەی نوێ هاوکاتی دابڕانێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەو نەوەیەی ئێستا فەرمانڕەوایە، خولیا و خەونەکانی خۆی بەرنامەڕێژ بکات. لێرەوە ویڕای ئەو توێژە بەرفراوانەی ڕۆشنبیری چڵکاوخۆر کە لاوان بە گێرەشێوێن و نەهامەتی نەدیو لەقەڵەم دەدات، ئەو هەڵەیەی پاڵپشتانی ئەم بزوتنەوانە تێیدەکەون بەخشینی هەیبەتێکی داتاشراوە بەو خۆپیشاندانانەی دەکرێن، لەکاتێکدا ئەم خۆپیشاندانانە زادەی خولیای توێژە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای ئێمەن بۆ بەرزکردنەوەی ئەجێندا تایبەتەکانی خۆیان (کە بێگومان داوای ڕەوان) نەک بەرزکردنەوەی ناڕەزایەتیەکی جەماوەری بەرفراوان بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە دەسەڵاتدا. لێرەدا ئێمە لە هەوڵی ئەوەدانین وەک سەرکردایەتی کورد لە گرنگی ئەم بزوتنەوانە کەم بکەینەوە، بەڵکو هەوڵمانە کۆمەڵێک ڕەهەندی داتاشراو و خورافی بۆ ئەم بزوتنەوانە زیادنەکەین کە لە بنەڕەتدا خاوەنی نین. هەروەک چۆن هەڵەیە ئەگەر ئەم بزوتنەوانە ڕەتبکەینەوە و وەک بزوتنەوەی ناڕێکخراوی گێرەشیوێن لەقەڵەمیان بدەین، بەهەمان ئەندازەش هەڵەیە ئەگەر ئەم بزوتنەوانە لە قەبارەی ئاسایی خۆیان گەورەتر بکەین و تایبەتمەندێتی وەهمییان پێ ببەخشین. لە هەردوو بارەکەدا ئێمە بە کردنی هەر کام لەم کارانە لە کاریگەریەکانی ئەم بزوتنەوانە کەم دەکەینەوە. پێویستە هاوشان لەگەڵ پیشاندانی هاوسۆزی خۆمان بۆ ئەم نەوەیە، ئاراستەکانی بخینە بەر لێکدانەوەیەکی واقیعی و ڕەخنە لە هەڵە و خوێنساردیەکانی بگرین. زۆر گرنگە دەستبەرداری ئەو تێڕامانە باوەی ڕۆشنبیریی ئێمە ببین بۆ بزوتنەوەی لاوان کە دیسان بەشێکە لەهەمان پرۆسەی تیۆریزەکردنی فیشاڵ و خورافە، لە بەرامبەردا کەناڵەکانی گفتوگۆ و وتووێژکردن لەگەڵ ئەم نەوە نوێیە بدۆزینەوە و وەک خۆی بیخوێنینەوە و ڕێزی لێبگرین.

پرسیارەکەی تۆی ئەزیز هەڵگری گرفتێکی کوشندەیە کە بەبڕوای ئێمە میدیای حیزبی سەرقاڵی بەواقیعکردنیەتی. ئەوەی کە گوایا ئەم ناڕەزایەتیانە لەگەڵ فراوانبوونیاندا و لە دەرئەنجامدا دەچنە گیرفانی بزوتنەوە ئیسلامیەکانەوە، تێگەیشتنێکی کوشندەیە، هەوڵیکە بۆ سەرکوتکردنی هەموو ناڕەزایەتیەک بەبیانوی ئەوەی گوایا ئیسلامیەکان بۆ دەسەڵات لە بۆسەدان. لەڕاستیدا ئەوەی ڕێگە خۆشکەرە بۆ باڵادەستیی ئیسلامیەکان بێباکی دەسەڵاتی کوردیە لەهەمبەر ئەم خەم و خولیا جەماوەریانە، ئەوەی هەڕەشەی ئیسلامیەکان لەسەر کۆمەڵگای ئێمە سەد قات زیاد دەکات ئەو گەندەڵییەیە کە سەرکردایەتی کورد کردویەتی بە ڕۆتینێکی ئاسایی و بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی کۆمەڵگای ئێمە. خۆپیشاندان و ناڕەزایی ناکرێت بەریان پێبگیرێت لەبەرئەوەی حیزبە ئیسلامیەکان چنگی تاریکیان ئاوەڵایە بۆ دەسەڵات، ناکرێت بە خەڵک بگووترێت خۆپیشاندان مەکەن نەک عەلی باپیر و سەلاحەدین بەهادین ببنە سەرۆک و جێگەی ئەم دیکتاتۆرانەی ئێستا بە دیکتاتۆری ئایینی پڕببێتەوە. ئێمە لەو نیگەرانیەی بەڕێزتدا هاوبەشین کە کەلێنەکان ئیسلامیەکان پڕی دەکەنەوە، بۆیە لە خوارەوە وردتر سەرنج دەدەین لەوەی چین ئەو هۆکارانەی ڕەوایەتی دەبەخشن بەم دوودڵیە. بەڵام گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم ناڕەزاییە جەماوەریانە تەنانەت لەگەڵ فراوانبوونیشیاندا هەڕەشە بۆسەر دەسەڵات دروست ناکەن، بێگومان ئەگەر دەسەڵات مامەڵەی شارستانیان لەگەڵدا بکات، نەک وەک هەمیشە بە تەقە بەرەنگاریان بێتەوە و پاشان ئەو بەرپرسە زارقەرەباڵغانەی، بەردەوام باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن و هاوکات منداڵ دەنێرن خۆیان بتەقێننەوە، بێن و باس لە دەستی دەرەکی و ناوەکی بکەن کە گوایا لە پشتی خۆپیشاندانەکانەوە بوون. زۆر گرنگە بەر لە هەموو کەس دەسەڵات هەوڵبدات خۆپیشاندانەکان بە ئاقاری خراپدا نەڕۆن و کەس زیانی پێنەگات. لێرەوە هەڵەیە ئەگەر بڵێین ئەم خۆپیشاندانانە دەبنە هۆی دەستئاوەڵایی ئیسلامی سیاسی، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی ئەم دەستئاوەڵایی و زارقەرەباڵغییەی ئیسلامیەکان گەندەڵییە کە لە خوارەوە سەرنجی لێدەدەین.

ئەو دوودڵیەی تۆی بەڕێز ئاماژەی پێدەدەیت ڕەوایەتیەکی زۆری لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، چونکە دەسەڵاتی کوردی دووبارەبوونەوەیەکی قێزەونی ئەزموونەکانی "برایانی عەرەب"ە. لێرەوە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی حەماس لە کوردستان

مەحاڵ نییە، چونکە ئەوەی دەروازەی دەسەڵاتی بۆ حەماس ئاوەڵاکرد گەندەڵیی ڕێکخراوی فەتح بوو. هاوکات دووبارەبوونەوەی ئەزموونی جەزائیر جگە لەوەی زۆر سامناکە ئەگەری زیاترە لە کوردستان چونکە ئەگەر لەهەر بارێکدا ئیسلامیەکان هەڵبژاردنیان بردەوە، چاوەڕانی ئەوە لە پارتی و یەکێتی ناکرێت دەستبەرداری دەسەڵات بن بەڵکو هەوڵ دەدەن بە چەک هەژموونی خۆیان بپارێزن. بەڵام ئەوەی دەرگاکانی دەسەڵات بۆ ئیسلامیەکان دەخاتە سەرپشت، ئەو گەندەڵییە کوشندەیەیە کە جەستەی کۆمەڵگای ئێمەی داڕزاندوە. ئەوەی جیگەی تێڕامانە کە هیچ نەتەوەیەک شک نابەین لەسەر ئەم گۆی زەویە ئەوەندەی کورد پاشکۆی عەرەب بێت، هاوکات هیچ نەتەوەیەک شک نابەین ئەوەندەی کورد دەستوسان بێت لە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی عەرەب. تۆ سەرنج بدە تا ئەم ساتەوەختەش ڕۆشنبیریی ئێمە پاشکۆی ڕۆشنبیریی عەرەبیە، هەرچی ئەو ڕۆشنبیرییە بەرهەمیبهێنێت ڕۆشنبیرانی ئێمە کاوێژی دەکەنەوە. ئەم پرۆسە شەرمهێنە تا ئەو ئاستە کشاوە کە پرسە بۆ شاعیرانی عەرەب دادەنێن، لەکاتێکدا کە "ڕۆشنبیرە گوندیەکانی" لەمەڕ خۆمان دەمرن سووکایەتیان پێدەکرێت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم ڕۆشنبیرییە نەیتوانیەوە ڕێگە لەوە بگرێت کە کۆمەڵگای ئێمە ببێتە کۆپیەکی سەقەتی کۆمەڵگا عەرەبیەکان، هەمان ئەزموون لای ئێمەش دووبارەبۆتەوە، وەک برا عەرەبەکانی تاڵەبانی دەڵێن (بحذافیرها). ئەم دووبارەبوونەوەیە و ئەو گەندەڵییە سامناکەی ڕۆژانە قسەی لەسەر دەکرێت هۆکاری باڵادەستی ئیسلامیەکانن نەک ئەو خوێندکارە قوربەسەرانەی هەشت هەشت لە ژوورێکدا دەخەون و بۆ عەلادینێک خۆپیشاندان دەکەن. ئەم عەرەبدۆستیە لە هەموو ئاستەکانیدا، سیاسیی و ڕۆشنبریی بەتایبەتی، هۆکارە بۆ دەستئاوەڵایی ئیسلامیەکان نەک، هەوڵەکانی لاوان بۆ گۆڕینی زانکۆ، ئەو زانکۆیەی کوڕی سەرکردەکان ئامادەنین تێیدا بخوێنن.

بۆئەوەی هەڵەتێگەیشتن دروست نەبێت ئێمە پێشنیاری نەخوێندنەوەی ئەدەب و هزری عەرەبی ناکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە ئەم خوێندنەوەیە هاوشان بێت لەگەڵ هەوڵی گونجاندی ئەو دەرئەنجامگیریانەی پێیدەگەین لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای خۆمان. تۆ بڕوانە لەم چەند ساڵەی دوایدا بە هەزاران وتار لەسەر پۆستمۆدێرنیزم نووسران، بەڵام ئێمە تا ئەم ساتەوەختە کەسێکمان نییە بکرێت پێیبڵێین تایبەتمەندی ئەم بوارەیە. ژمارەی ئەو وتارانەی لەسەر ئەمیرکا، کۆمەڵگای مەدەنی و شتی دیکە ئێجگار زۆرن، بەڵام هۆی چییە کە تا ئێستا کەسمان نییە کە بەشیوەیەکی تەندروست لەسەر ئەم مەسەلانە بدوێت. هەموو گواستنەوەیەکی هزر ئەگەر هاوشان نەبێت بە تێڕامانێکی قووڵ لە هەلوومەرجی کۆمەڵایەتی خۆمان، هیچ نییە جگە لە هەوڵی نووسەرە ناوبانگخوازەکان. لێرەوە لە ئەنجامی ئەو نزیکایەتیەی ئێمە لەگەڵ هزری عەرەبی دەبوایە بمانتوانیایە هەمان تراژیدیاکانی ئەوان دووبارەنەکەینەوە.

گەندەڵیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئاستێکی سامناکی وەرگرتوە و کەسیش خۆی بە بەرپرسیار نازانێت. لە یاسای هەر وڵاتێکدا گەندەڵی سامناکترین ئاستی دزییە، تاوانێکە کە سزاکەی لە سزای هەر دزییەکی دیکە قورسترە. لێرەوە بەر لە هەموو شتێک ئێمە پێویستە گۆڕانێک لە ئاستی زمانەوانیماندا بکەین، گەندەڵیی وشەیەکی تازەیە لە زمانی ئێمەدا و ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی نییە لەسەر کۆمەڵگا، بەڵام بەپێچەوانەوە دزیی جێگای قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی نییە. ئەم گۆڕانە زمانەوانیە دەبێت هاوشان بێت لەگەڵ پرۆسەی ناوزڕاندنی ئەو دزانەی سەروەتی ئێمە دەدزن، ناوهێنانی ئەوانەی پێشرەوی گەندەڵیین دەبێت بەشێک بێت لە هەوڵەکانی کۆمەڵگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دزیەی بە وشەی گەندەڵیی پەردەپۆشکراوە. ئەزیزم تۆ بڕوانە لەم چەند ساڵەدا ڕۆژنامە نەماوە لەسەر گەندەڵی نەنووسێت، سەدان کۆڕی لەسەر گیراوە و دەیان کتێب وەرگێڕراون، کەچی هیچ کاریگەریان نەبووە لەسەر ئەم دیاردەیە، بگرە بەرفراوانتر و سیستماتیکتر بووە. لە ڕاستیدا هەموو قسەکردنێک لەسەر گەندەڵیی بەبێ ناوهێنان، درێژکراوەی هەمان گەندەڵییە بەڵام لە ئاستێکی ئەخلاقیی و ڕۆحیدا. قسەکردن لەسەر گەندەڵیی بەبێ ناوهێنان، گەندەڵییە لە فۆرمێکی تردا و بە شێوەیەکی تر. ناکرێت تۆ ئەو هەموو ساڵە قسە لەسەر گەندەڵیی بکەیت و نەوێریت ناوی یەک مرۆڤی گەندەڵ بهێنیت، ناکرێت تۆ ئەو هەموو هەرایە لەسەر گەندەڵیی بنێیتەوە و بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا ئاگادارکەیتەوە لەوانەی کە ئەو چەتەییە بەڕێوەدەبەن. پاشان تۆ ناتوانیت خۆت لەو گەندەڵییە جیابکەیتەوە ئەگەر نەوێریت لە سەرکردەکان، بەتایبەتی تاڵەبانی و بارزانی، بپرسیت چەندیان هەیە، یان لانیکەم ئەوان کە

خۆیان بەسەرکردە دەزانن لەبەردەم بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی، نەتەوایەتی و ئەخلاقی سەنگیندان کە دەبێت سنوورێک بۆ ئەو گەندەڵییە دابنێن. ئەگەر خۆیان بەشێکی سەرەکی نەبن لەو گەندەڵیە بۆ هەوڵەکانیان چرناکەنەوە بۆ لەناوبردنی؟ کورد واتەنی ئەگەر خۆیان سەری مارەکە نەبن، بۆ سەری ئەو مارە ژەهراویە پاننناکەنەوە؟

ئەزیزم هەندێک کارەساتی ئێجگار گەورە دەقەومێت و ڕاگوزەر دەدات بەلاماندا بەبێ ئەوەی هەڵوێستەیان لەسەر بکەین. کوڕی مەسعود بارزانی دوو ملیۆن دۆلار دەبەخشێت بەو زانکۆ ئەمریکیەی لێی خوێندوە، لەکاتێکدا خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لە خراپترین بارودۆخدان، کەس لەسەر ئەمە هیچی گووت؟ ژنی بەرپرسێکی یەکێتی کە دڵنیانین (عومەر فەتاح) بووە یان نا بە جانتا دۆلاری دزراوە دەگیرێت و کەس یەک وشەی لەسەر ناڵێت؟ مەلا بەختیار، پیاوێک گوایا تا سەر ئێسقان دیمۆکرات و کتێبدۆست، قەڵایەک قووت دەکاتەوە کە کەس نازانێت چەندی تێچوە، بەڵام کەس وێرای ئەم پیاوە دیمۆکراتە شەرمەزار بکات؟ ئەمانە مشتێکن لە خەروارێکی پانوبەرین، کە سەدان گامێش بەبێ لێپرسینەوە گێرەی تێدا دەکەن.

ڕۆشنبیریی ئێمە پێویستی بە بوێریە بۆ هەڵوێستەکردن لەسەریان، بۆ شەن و کەو کردنی ئەم هەموو قێزەونییە. بەڵام لە تۆ دەپرسین ڕۆشنبیری ئێمە ئەو بوێریەی هەیە؟ تا ئێستاش ڕۆژنامە کوردیەکان ناوێرن ناوی کەس بهێنن، ئەمە جگە لەوەی ئێمە هاوسۆزیانین لە ڕووە یاساییەکەیەوە کە بانگی دادگا دەکرێن و کەرامەتیان دەشکێنن، بەڵام ئەوەی گرفتی ئێمەیە کە ئەم ئەزیزانە لە پشتی ڕێزەوە خۆیان حەشارداوە، گوایا بێڕێزیە ناوی بەرپرسەکان بهێنین. ئەوانەشی ناویان دەهێنن بە جنێوفرۆش تۆمەتبار دەکرێن، لەکاتێکدا ئەم سەرکردە و بەرپرسانە کەسایەتی گشتین و دەبێت لێیان بپرسینەوە نەک دەستیخۆشیان لێبکەین لەوەی کە دزیی دەکەن. لێنەپرسینەوە دەبێتە هۆی تۆخکردنەوەی ئەو تێڕوانینەی سەرکردەکان کە پێیانوایە مافی ڕەوای خۆیانە کە چی لە سەروەتی ئێمە دەکەن بیکەن، لێنەپرسینەوە شەرعیەتدانە بەو دزییە سامناکەی کۆمەڵگای ئێمە و بەهاکانی دادەڕزێنێت. تۆ سەرنج بدە سەکردەکانمان دەڵێن ڕاستە گەندەڵیی هەیە بەڵام زیادەڕۆیی لە باسکردنیدا دەکرێت، واتا بەو شێوە بەرفراوانە نییە. ئەمە زادەی تێگەیشتنی ئەو بەڕێزانەیە کە ئەوەی خۆیان دەیکەن گەندەڵیی نییە، زادەی ئەو تێڕاوانینەیە کە ئەم سەرکردانە خاوەنی کۆمەڵگا و سەروەتەکانی کۆمەڵگان، لێرەوە مۆڵەتێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان هەیە بۆ کردنی هەر کارێک. لای ئەم ئەزیزانە گەدەڵیی خۆیان ناگرێتەوە بەڵکو تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە چەند دینارێک لە بەرامبەر کارئاسانیدا وەدەگرن. ئەم تێڕوانینە پێویستی بە بەرەنگاربوونەوە هەیە، سەرفکردنی هەموو فلسێک بۆ مەبەستی تایبەتی دەبێت لێپرسینەوەی لێبکرێت و وەک دزیی تەماشا بکرێت، نەک بڵێین سەرۆک مافی خۆیەتی کە سەد قەڵای هەبێت و کوڕەکانی لە باشترین زانکۆی جیهان بخوێنن. لەکاتێکدا کوڕ و کچەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە نانەسکی ساڵانی زانکۆ لەو زانکۆیانەدا تەواو دەکەن کە هیچی شتێکی لە زانکۆ ناچێت. یان ئەو ئەزیزانەی لە هەندەران بە کارکردن لە چێشتخانە و خواردنی گۆشتی قووتو و تۆکی ڕەق ساڵانی زانکۆ بەڕێدەکەن، کاتێکیش دەچنەوە کوردستان هەمان ڕێزیان پێ ڕەوا نابینرێت کە بە برا عەرەبەکانی دەبینن.

لەڕاستیدا ئەم دۆخە بەو ئاستە سامناکە گەیشتوە کە یادی نوکتە بەناوبانگەکەی کۆماری "یەمەن"مان دەهێنێتەوە، با لەگەڵ تۆی ئەزیز و خوێنەری خۆشەویستدا بزانین ئەم نوکتە بەناوبانگە چییە:

لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابووردوودا ئابووری کۆماری یەمەن لە قەیرانێکی کوشندەدا دەژیا کە هیچ هیوایەک بۆ چارەسەر نەمابوو، تەنها ئەوە نەبێت کە چاوەڕوانی مەرگی هێواشی جەستەی نەخۆش بن. لەم خەمە قووڵەدا وەزیری ئابووری یەمەن دەڵێت پێشنیارێکم هەیە کە چارەسەری کێشەکەمان دەکات. هاوەڵەکانی پێیدەڵێن چییە؟ وەزیر دەڵێت: با جەنگ لە دژی ئەمرکیا ڕابگەیەنین ئەوە کێشەکەمان چارەسەردەکات! هاوڕیکانی کە چاویان پەرپووەتە تەوقی سەریان دەڵێن چۆن؟ ئەویش دەڵێت کە جەنگمان لەدژی ئەمریکا ڕاگەیاند دەستبەجێ دەدۆڕێین و ئەمریکاش ناچارە وڵاتەکەمان داگیربکات، ئەوکات سیستەمێکی ئابووری باشمان بۆ دادەمەزرێنێت و لەم تەنگژەیە قوتارمان دەکات.

کێشەی ئێمە لەو ئاستە کوشندەیەدایە، بگرە ئەو ئاستەشی تێپەڕاندوە، چونکە ئەمڕۆ ئەمریکاش وەک داگیرکەری خاکی ئێمە، ئەو کێشانەی بۆ چارەسەر ناکرێت. قەیرانەکە لە ئاستێکدایە، کە ئەگەر چاوڕوانی لەبەریەک هەڵوەشانی کومەڵگا بکەین

هەڵەنین. بەڵام وەک پرسیارەکەی جەنابت دەخوازێت چی بکرێت بۆ ئەوەی بەر بەم لەبەریەک هەڵوەشانە بگرین. لەڕاستیدا ئێمە لە دووڕیانێکی مێژوویی چارەنووسسازداین، نەک بەتەنها لە ئاستی پەیوەندیماندا لەگەڵ عێراق بەڵکو لە ئاستی ناوخۆشدا. لە ئاستی ناوخۆدا بە بڕوای ئێمە پێویستمان بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئاشتەوایی نیشتیمانیە کە لە ساڵی 1991 دا کۆمەڵگای ئێمە بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت لە جاشەکان خۆش بوو. ئێستاش پێویستمان بەوەیە کە داوا لەو توێژە لە دەسەڵاتداری کورد بکەین کە لێیاندەبوورین بەمەرجێک دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆیان ببن. ئەم پێشنیارە بێگومان جەنابت و خوێنەر سەرسام دەکات، بەڵام ئێمە بڕوامانوایە کە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەماوە جگە لەوەی ئەم بەرپرسانەی ئێستا بڕۆن و دەرفەت بدەن بەو نەوە نوێیەی نێو حیزبەکانی خۆیان کە خودفەرمانڕەوایی ئەزموون بکەن. ئەمە ئەگەرچی شتێک نییە بتوانین ئەگەری سەرکەوتن و شکستی بزانین لە ئێستادا، بەڵام لانیکەم لە هەڕەشەی بۆشایی دەسەڵات و پێکدادانی کۆمەڵایەتی دوورمان دەخاتەوە، لە هەڕەشەی دەسەڵاتداریتی ئیسلامیەکان پەنامان دەدات. بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتن دروست نەبێت، بۆ ئەوەی هەستی ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگەی دێرین بریندار نەبێت کە خۆیان لەو گەندەڵییە پەناداوە و خیانەتیان لە شەهیدە هاوسەنگەرەکانیان نەکردوە، پێویستە بڵێین کە ئێمە بەهیچ شێوەیەک جاشەکانی نەوەدویەک ناشوبهێنین بەم ئەزیزانەی ئێستا فەرمانڕەوان، ئەگەر جاشەکان تاوانباربووبن بە خیانەت و خۆفرۆشتن، ئەوا ئەم فەرمانڕەوایانە تاوانبارن بە دزیی و گەندەڵیی کە ناکرێت بەو ئاستە ترسناکەی خیانەت بشوبهێنرێت. بەڵام زۆر گرنگە ئەم سەرکردایەتیەی ئێستا شتێک بکات بۆ ئەوەی خۆی لە دەرئەنجامی ترسناک و چاوەڕوان نەکروا بپارێزێت.

لە کۆتاییدا دەکرێت ئەم پێشنیارە لای هەندێک ئازیز زۆر بریندارکەر بێت، دەمانبەخشن مەبەستمان بریندارکردنی هەستی کەس نیە، خۆ ئەگەر کەسانێک پێشنیاری باشتریان هەیە دەتوانن بیخەنە ڕوو. بەڵام نەک ئەو پێشنیارە شەرمنانەی ئەمڕۆ، بەتایبەتی سەرانی یەکێتی خۆیان پێوە سەرقاڵکردوە. لەڕاستیدا ئەم پێشنیارە شەرمنۆکانە بۆ سەرقاڵکردنی جەماوەرە و بۆ هێورکردنەوەی ئەندامانی ئەو حیزبەیە کە خواستی گۆڕان گینگڵیان پێدەدات. هاوکات هیچ کام لەم پێشنیارانە حیزب لە نێوەندی دەسەڵات دەرناهێنن، بەڵکو بەردەوام حیزب وەک مەرجەعیەت لە هەناوی پرۆژەکانیاندا دەهێڵنەوە. لەکاتێکدا تا ئەو ساتەوەختەی کۆمەڵگای ئێمە حیزب لە هەناوی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان وەدەرنەنێت، تا ئەو کاتەی حیزب نەکرێتە دامەزراوەیەکی مەدەنی کە کۆمەڵگا بەکاریدەهێنێت بۆ خزمەتی ئەندامەکانی نەک بەپێچەوانەوە، تا ئەو کاتە هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوە هاوشان دەبێت لەگەڵ دەیان هەنگاو بۆ دواوە و بەرەو تاریکیی.

**رزگار عومەر: - دەسەڵاتی کوردی ڤەت وەکو شەخسیەتی دەوڵەت مامەڵە لە گەڵ دونیای دەرەوەو پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ناکا، بەڵکو وەفادارێکی سەد لە سەدی یەکێتی خاکی عێراق بۆ دونیا دەدوێ. بەڵام هەر ئەم دەسەڵاتە بۆ گیانی هاوڵاتیانی کورد، وەک دەوڵەتێکی پۆلیسی، بە سەرخانێکی تێکەڵ لە پاتریارک و بە خیتابێکی ئیستیعارەکراو لە موفەردات و ریکلامی دیموکراسی سەرکوت پیادە دەکا، ئێستاش ئەم دەسەڵاتە لە تازەترین هەنگاوەکانیدا 'یاسای دژی تیرۆر' لە پەرلەمانەوە بۆ خۆی پەسەند کرد، یاسایەکی لەو بابەتە کە هاوڵاتیانی ئەمریکا لە ساڵی 2001وە باجەکەی لە ئازادیە مەدەنیەکانی خۆیانەوە دەیدەن، لێکدانەوەی تۆ چیە لەم بارەیەوە؟**

بەختیار کەریم: – سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە پشتگوێ نەخەین کە کوردستان دەوڵەت نییە بۆ مەبەستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. دەشێت بەپێی تێگەیشتنە 'وێبەر'یەکەی دەوڵەت کوردستان توانیبێتی لە ئاستی ناوخۆدا مۆنۆپۆلی کەرەستەکانی توندوتیژی بکات، بەڵام نەتوانراوە ئەم واقیعە بسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. ئەمەش زادەی شکستخواردنی سەرکردایەتی کوردە کە لە پاش پانزە ساڵ لە پێگەی "دیفاکتۆ" کە پێگەیەکی نیمچەدەوڵەتیە لە پڕێک هەموومانیان کردووە بە عێراقیەکی بیستوچوار عەیار. تۆ بڕوانە عەقڵیەت و زانیاری ئەم سەرکردایەتیە هێشتا عەقڵیەت و زانیاری سواوی سەردەمی شەڕی ساردە، تا هەنووکەش ئەم ئەزیزانە بە جیهانبینی شەڕی ساردەوە و بە ڕەوانبێژیەکی

ڕیالیستانەوە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دەڕوانن و پێگەی خۆیان لەو پەیوەندیانەدا دیاریدەکەن، تا ئێستاش ئەم سەرکردانە ڕێز لە هاوسەنگی هێزەکان دەگرن و سنوورەکان لایان پیرۆزە و ناوێرن بیر لە کەرتکردنیان بکەنەوە، لە کاتێکدا شتێک نەماوە بەناوی هاوسەنگی هێزەکانەوە. لای ئەم ئەزیزانە جیهانگیری، ئەگەرچی گۆڕانکاری لە نیو ماڵ و قەڵاکانی ئەواندا دروستکردوە، ئەگەرچی ستایلی ژیانکردنی ئەوانی گۆڕیوە، بەڵام هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە جیهانبینی و تێگەیشتنی ئەواندا بۆ جیهان دروست نەکردوە. ئەم سەرکردانە لە ئەنجامی هەرسنەکردنی ئەو گۆڕانانەی لە پاش شەڕی ساردەوە ڕوویاندا، لە ئەنجامی نائاشناییان بەو گۆڕانانەی بەسەر هزری دیپلۆماسی جیهانیدا هاتوە، ئێستاش لەو بڕوایەدان کە تورکیا دەتوانێت بەبێ ئەوەی زیانی گەورە لە خۆی بدات وەک چۆن قوبروسی داگیرکرد ئەوها ئاسان دەتوانێت کوردستان داگیربکات.

ئەم وەهمە کە زادەی نائاگاهیی ئەم سەرکردانە بوو لە سیاسەتی نێوەدەوڵەتی هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کە ئەم ئەزیزانە نەتوانن هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە بنوێنن لەسەر کەرکوک لەکاتی داگیرکردنی عێراقدا. لەڕاستیدا لەو کاتەی ئەمریکا عێراقی داگیرکرد ئەگەر سەرکردایەتی کورد ئەوەندە ترسنۆک و گوێ لە مشتی ئەمریکا نەبوونایە، بەشێکی زۆر لەو کێشانەی ئێستا بە کەرکوکیشەوە چارەسەردەکران. بەڵام تەنها شتێک گۆرابیت جێگۆڕکێی وابەستەیی سەرکردایەتی کوردە بە زلهێزەکانەوە، وەک چۆن لە سەردەمی شەڕی سارددا ئەم سەرکردایەتیە وابەستەی ڕەهای یەکێتی سۆڤیەت بوون ئێستاش بەهەمان عەقڵیەتەوە وابەستەی ئەڵقە لە گوێی ئەمریکان. بەبێ ئەوەی بزانین چۆن، ئەم سەرکردایەتیە پێمان دەڵێن کە هاوپەیمانی ئەمریکاین، کەچی دیپلۆماتێکی ئەمریکی ئەم سەرکردایەتیە بە فەرشفرۆش ناودەبات، چونکە هیچ داواکاریەکیان نەبووە لە ئەمریکا. لەڕاستیدا ئەوەی لەپاش داگیرکردنی عێراقەوە ئەم سەرکردایەتیە پێوەی سەرقاڵن تەنها ئەوەیە کە دەستی دۆعایان بڵندکردۆتەوە و لە خودای بانیسەر دەپاڕێنەوە ئەم جارەش ئەمریکا بە شوومان نەداتەوە. بەڵام ئێستا زیاتر لە هەموو کات ئاماژەکانی بەشوودانەوەی ئەم سەرکردایەتیە ئاشکرا دیارن، تۆ سەرنج بدە ئەگەر ئەمریکا شکست بخوات لە عێراق جگە لە کورد کێ زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت. ئەگەر ناڕەزایی هاوڵاتیانی ئەمریکا لە جەنگی عێراق وەک ئێستا لە برەودابێت، ئایا ئەمریکا لەبەر خاتری چاویلکەکەی تاڵەبانی یان جامانەکەی بارزانی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بمناپارێزێت؟

هەڵەی کوشندەی ئەم سەرکردایەتیە لە ساتەوەختی داگیرکردنی عێراقەوە تا ئێستا، کارکردنیانە بۆ زندووکردنەوەی درنجێک کە دواجار بەر لە هەموو کەس جەستی خۆیان دەهاڕێت. داگیرکردنی عێراق ساتەوەختێکی مێژوویی گرنگ بوو، کە دەکرا ئەم سەرکردایەتیە لەو پێگە بەهێزەیانەوە دانوستانیان لەگەڵ ئەمریکا بکردایە نەک ببونایەتە مقاشی دەستی ئەمریکا بۆ خامۆشکردنی ئاگردانەکانی ناو هەناوی عێراق. ئەگەر سەرکردایەتی کورد کەمێک یاخیانە لەگەڵ ئەمریکادا مامەڵەی بکردایە، دەکرا شتێکیان دەستبکەوتایە. بەڵام لەڕاستیدا لە ئێستادا ئەمریکا زیاتر حیساب بۆ تیرۆریستێکی وەک "موقتەدا سەدر" دەکات وەک لە بارزانی و تاڵەبانی.

لەم ڕۆژگارەدا لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، تۆ دەتوانیت دەوڵەت نەبیت و تۆڕیکی بەربڵاو لە پەیوەندی دیپلۆماسی هەڵبدەیت و ئەجێنداکانی خۆت بەریتەپێش، تۆ پێویستت نییە دەوڵەت بیت بۆ ئەوەی دەرگای ڕیکخراوە گرنگە نێودەوڵەتیەکان بکوتیت و پلاتفۆرمەکانیان بکەیتە پێگەیەک بۆ مەبەستی کێشە نەتەوایەتیەکی خۆت. بەڵام ئەمانە نەکراون، ئەگەر کرابن ئەوا سەرانی کورد وەک کەسایەتی عێراقی ئەم کارەیان کردوە، کە لەڕاستیدا زیانێکی کوشندە لە کێشە نەتەوایەتیەکەی کورد دەدات. چونکە ئەگەر جاران تێڕامانی جیهان بۆ کێشەی نەتەوایەتی ئێمە و بۆ شوناسی عێراقیبوونی ئێمە، تێڕامانیان بوویێت بۆ نەتەوەیەک کە بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە ئەوا لە ئەنجامی ئەم چالاکییە شەرمهێنانەی "سەرکردە کوردە عێراقیەکان"، کێشەکەی ئێمە بۆتە کێشەی خواست. بەواتایەکی تر چیتر عێراقیبوونی کورد سەپێنراو نییە بەکڵو خواست و ڕازیبوونە. ئیتر لێرەوە لەسایەی ئەم سەرکردایەتە پۆستپەرستەدا کێشەی نەتەوایەتی ئێمە دابەزێنرا بۆ کێشەی کەمایەتیەک کە خولیای گەورە و گرانی پۆستێک یان چەند پۆستێکە. بەڕاست تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بێت، چی لە خەمی مناڵی ئەنفالکراوەکان کەم دەکاتەوە، چ دڵنەواییەک دەدات بە هەڵەبجەیەکان؟ لە ڕاستیدا سەرۆک کۆمار

بوونی تاڵەبانی زیانەکانی ئەوەندە زۆرن، کە لە ئاندەیەکی نزیکدا ئاوڕ لەم ساتەوەختە دەدەینەوە و تێدەگەین ئێمە چەند گەمژە بووین.

سەبارەت بە یاسای دژەتیرۆر کە لێرەدا ناکرێت بچینە نێو دوردەکاریە یاساییەکانیەوە، بەڵام دەکرێت سەرنج لە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە بدەین کە هەمان جۆر لە یاسایان دەرکردوە. بەرلەوە گرنگە کە پێداویستی دەرکردنی یاسای لەم جۆرە بخەینە ژێر پرسیارەوە. لە کوردستان لە سایەی یاساکانی بەعسدا، دەسەڵات پێویستی بە یاسای دژەتیرۆر نییە بۆ بەرەنگاربوونەوی تیرۆر، چونکە ئەم یاسایانە لە بەربەریترین کۆدە یاساییەکانی تاوان (criminal law)، لە کوردستان تەنها شتێک کە تۆ پێویست نەبیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر یاسایە. جگە لەوەی ئەزموونی ئەو وڵاتانەی لە شەڕی دژەتیرۆردان پیشانمان دەدات کە ئەم جۆرە لە شەڕ بە یاسا نابرێتەوە، هاوکات کوردستان لە یاسای لەم جۆرەی کەم نییە. ئەوەی دەبوایە بکرایە شەڕێکی دژەتیرۆرە، کە بەر لە هەموو شتێک ئەو دەسەڵاتەی ئەم شەڕە بەڕێوەدەبات، پێویستە کۆمەڵگا لە خۆی ڕازیبکات و بیانکاتە بەشێکی یەکلاکەرەوە لە هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی ئەم دیاردە ترسناکە. لەڕاستیدا تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەم یاسایانە، جگە لەوەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقی بەراییەوە پێمانوایە کە هیچ لۆجیکێکی دادوەریانە و یاساییانەی تێدانییە، هاوکات لاساییکردنەوەیەکی قێزەونی ئەو دەوڵەتانەیە کە پێشتر هەمان جۆریان لە دەرکردنی یاسا ئەزموون کردوە. دەرکردنی ئەم یاسایانە هەوڵی کۆمەڵێک نەزانی یاسایی بوو بۆ بۆ بەکارهێنانی بۆ دادگاییکردنی "شێخ زانا و ئەسحابەکانی"، بەڵام ئەوانەی ئەم هەوڵەیاندا ئەوەندە کەلەپووت بوون کە نەیاندەزانی ناکرێت یاسا بۆ تاوانێک بەکاربهێنیت کە بەر لە دەرچوونی ئەنجامدراوا. ئەم پرنسیپە یاساییە گرنگە کە لە یاسای عێراقیشدا کاری پێدەکرێت بە ئینگلیزی پێیدەڵێن (non-retrospectively) بەڵام دەمانبەخشن کە نازانین بە عەرەبی یان کوردی چی پێدەڵێن و دەستەوسانین لە دۆزینەوەی وشەیەکی گونجاو بۆی لە زمانی کوردیدا. بە تەواوی بڕوامانەوە دەڵێین کە یاساکانی دژەتیرۆر هەوڵێکە بۆ پتەوکردنەوەی پایەکانی توندوتیژیی لەڕێگای یاساوە، کە لە دەرئەنجامدا ئەو دەسەڵاتە دەبێتە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری سامناک. یاساکانی دژەتیرۆر هەوڵێکن بۆ سنوردارکردن و پێشێلکردنی ئەو ئازادییەی کەمەی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمە هەیانە لەژێر پەردەی پێداویستیدا. وەک "ویلیام پییت" دەڵێت "پێداویستیی پاساوە بۆ پێشلکردنی هەموو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. پێداویستی پۆزشی ستمەکاران و تۆوی کۆیلایەتییە."

بەڕێزت ئاماژەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ئەمریکا داوە لەگەڵ کۆمەڵە یاسایەک کە هەوڵی سنووردارکردنی ئازادیەکانی ئەوان دەدات. لە ڕاستیدا لە بریتانیاش هەمان ئەزموون دووبارەکرایەوە، کە ئێمە لە زانکۆ لەنێو ئەو دەنگە نارازیانەدا بووین کە دەربڕینمان لە قێزهاتنەوەی خۆمان کرد و دەستوپەنجەمان لەگەڵ ئەم یاسایانەدا نەرمکرد، تا دواجار لە باڵاترین دادگای ئەم وڵاتە شکستیان خوارد. کە ئەوەش بۆ هەموو دادخوازێکی ئەم وڵاتە سەرکەوتنێکی زێدە شیرین بوو. ئەوەی زۆر گرنگە لەبەرچاوی بگرین لە هەر بەراوردێکدا لەنێوان کۆمەڵگای کوردی و ئەم کۆمەڵگایانەدا نەبوونی دادوەریەکی سەربەخۆیە لە کوردستان، دادوەریەک کە یاساکان لە ژێر ڕۆشنایی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕاڤەبکات، نەک لەژێر ڕۆشنایی چرا گرگنەکانی سەرۆکە نەزانەکانماندا. زۆر گرنگە بزانین کە پێشەڕەوانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکی و بریتانیەکان لەگەڵ ئەم یاسا بێ لۆجیکانەدا خودی دادوەران بوون، شتێک کە ناتوانین لە کوردستان پێشبینی بکەین چونکە دادوەرییەکی بوێرمان نییە کە خەمی گەورەی تەندروستی کۆمەڵاتەتی و بەزرپاگرتنی داد بێت. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە شەرم دەکەین کاتێک ڕەخنەی ئەوها توند ئاراستەی دادوەران دەکەین، چونکە دادوەران تەنها توێژێکی کۆمەڵایەتین کە ئەگەر سەربەخۆ بوون پێویستە سەری ڕێزیان بۆ دابنەوێنین و بە خاوەنشکۆ بانگیان بکەین. ئەمە شتێکە ئێمە لە زانکۆ فێرکراوین کە ئەو ڕێزە لە دادوەران بنێین، بەڵام هاوکات بەردەوام بین لەوەی ڕەخنەکانمان لە چوارچێوەی ڕێزدا ئاراستە بکەین. داخمان ناچێت، لە کوردستان لە نائامادەگی ئەم توێژە زۆر گرنگەدا یاساکانی تیرۆر دەکرێنە تەوقێکی دیکە و لە ملی ئەو کۆمەڵگایە دەنرێن کە هێشتا لە تەوقە یاساییەکانی بەعس ڕزگاری نەبووە. لەم نێوەندەشدا ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان گەورەترین باجی ئەم جەورە دەدەن، ئەم قوربەسەرانە ژیانێکی ئاڵۆز دەژین لەژێر سایەی یاساکانی بەعسدا کە سەرکردایەتی کورد بەبێ شەرم

بەکاریان دەهێینن، ئیتر تۆ بیهێنەرە پێش چاوت ئەم یاسایانەشی چووە سەر. لێرەوە لە سۆنگەی بڕوابوونمانەوە بە ڕێز و شکۆی دادوەران لە کاتی ئاراستەکردنی ڕەخنەی تووندا، پێویستە ئەو ژمارە ئێجگار کەمەی دادوەران بمانبەخشن کە جۆرێکیان لە سەربەخۆیی و خەمخۆریی بۆ کۆمەڵگا پاراستوە.

"مۆرەی گلێسەن" دادوەرێکی ناسراوی ئوستورالیە لە گووتەیەکی بەنرخدا دەڵێت "یاسادانەران کۆنترۆڵی پارە دەکەن، بەڕێوەبەران کۆنترۆڵی سوپا و دادوەران کۆنترۆڵی ڕێزی جەماوەر." بەڵێ تەنها شتێک کە دادوەران بتوانن کۆنترۆڵی بکەن ڕێز و متمانەی جەماوەرە، لەگەڵ لەدەستدانی ئەم ڕێزە و ئەم متمانەیەدا دادوەران هیچ نین جگە لە فەرمانبەرێکی قێزەونی دەوڵەت کە تەنها کاریان جێبەجیکردنی فەرمانەکانی ئەو سیاسیانەیە کە هیچ لە یاسا نازانن. دادوەران، وەک سیاسیەکانی ئێمە پێویستیان بە ئاسایش نییە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی جەماوەر بکەن، بەڵکو پێویستیان بە دەربڕینە لە خولیاکانی ئەوان، پێویستیان بە بوێریی هەیە کە لە کاتی دەرکردنی یاسای لەم جۆرەدا بە سەرکردەکان و ئەو ژن و پیاوانە بڵێن کە ناویان ئەندام پەرلەمانە، ئەی نەزانینە بەم یاسایانە تیرۆر بنبڕناکەن بەڵکو ئازادیە سنووردارەکانی هاوڵاتیان سنووردارتر دەکەن. دەستەبەرکردنی ڕێز و متمانەی جەماوەر بۆ دادوەران لەلایەن تاکە کەسێکەوە ناکرێت، بەڵکو ئەوە کاری دەستەبژێرێکی بوێرە کە جڵەوی پێشڕەویی کردنی دادوەران بگرێتە دەست و لە بەرەنگاربوونەوەیەکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ باڵەکانی دیکەی دەسەڵات. جەنگی بردنەوەی متمانەی جەماوەر کاری ڕۆژێک و دووان نیە، بەڵکو کارێکی نەپساوەیە کە کۆڵنەدانی لە سێنتەری کارەکانیدا هەڵگرتبێت.

سروشتی دەسەڵات وایە، کە دادوەران وەک لای ئێمە خەوتن و هیچیان نەبوو بۆ گووتن، دەست دەکات بەدەرکردنی یاسای جەنگەڵیی و هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ سنووردارکردنی ئازادیەکانی کۆمەڵگا. پێت سەیرنەبێت ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی دەستیان ئاوەڵابکرێت وەک جاران دەکەونەوە کوشتوبڕ، ئەمە شتێکە بۆ هەموو سەرکردەیەک ڕاستە. ئەوەی یاسای دژە تیرۆری لە بریتانیا دەرکرد، درۆزنێکی وەک "تۆنی بلێەر" بوو کە خەریکە دەبێتە دیکتاتۆرێکی قێزەون لەنێو جەماوەری ئەم وڵاتەدا، بەڵام ئەوانەی بەریان بەم هەوڵە بەربەریانەی ئەم پیاوە درۆزنە گرت، ئەو دادوەرانە بوون کە بیری هاوڵاتیانی خۆیانیان هێنایەوە کە ئەشکەنجە لە بریتانیا پتر لە 400 ساڵە قەدەغەکراوە، ئێستا چۆن ڕێگە دەدەین بلێەر هەوڵی گێڕانەوەی ئەم دیاردەیە بدات کە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت. ئەوەی لە ئەمریکا ئەو یاسایانەی دژە تیرۆری دەرکرد، کە تۆی ئەزیز ئاماژەت پێداون، "جۆرج بوش"ی کەلەپووتە کە باکی نییە ماف پێشێل بکرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەجێنداکانی خۆی بباتە پێشەوە، بەڵام ئەوانەی کە ڕەخنەی توند لەم پیاوە بە واتای وشە نەزانە دەگرن خودی دادوەرانن کە نیگەرانن لەوەی بوش هەیبەتی دیمۆکراسیانەی وڵاتەکەیان لەکەدار دەکات. سەنج بدە لەو زیانە زەوەندەی ئەم بێمێشکە لە ئەمریکایدا، ئەگەر جاران ئەمریکا سێنتەری تێڕامان بوویێت بۆ هەموو قسەکردنێک لەسەر ماف و ئازادی، ئێستا لە سایەی ئەم گوێدرێژە تێکساسیەدا ئەمریکا سێنتەری تێڕامانە بۆ هەموو ئاخاڤتنێک لەسەر ئەشکەنجە.

مایەی شەرمەزاریە بۆ دادوەران، کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئەم ساتەوەختەش ئەشکەنجە بەشێوەیەکی بەربڵاو پراکتیزە دەکرێت، کەچی نەمانبیست دادوەران بۆ تەنها جارێکیش خۆیان فسقڵ بکەن و ڕەخنەی توند ئاراستەی دەسەڵاتداران بکەن. گریمان زۆربەی ئەم دادوەرانە لە زانکۆکانی بەعسدا یاسایان خوێندەوە و ڕێگەی ئاشنابوونیان لەو گۆڕانە گرنگانە لێ گیرابوو کە لە جیهاندا دەگوزەران، بەڵام ئەوە پانزە ساڵە بەردێکیان لە خانوە ڕوخاوەکەی خۆیان بەرزنەکردۆتە و هەوڵێکیان نەداوە بۆ لێکترازانێک لەگەڵ ئەو کەلتورە یاساییەدا. لێرەوە دەرکردنی یاسای دژەتیرۆر، جگە لەوەی لاساییکردنەوەیەکی قێزەونی ئەمرکیایە، هاوکات هەوڵێکە بۆ فراوانترکردنی بازنەکانی زەبرروزەنگ، بەبیانوی پێداویستی و هەڕەشەی تیرۆرەوە. لە نەبوونی دادوەرییەکی بوێر و زانادا، توێژەکانی کۆمەڵگای ئێمە گەورەترین باجی هەڕەشەکانی ئەم یاسا عەنتیکانە دەدەن. با بە گووتەیەکی بەنرخی مۆنتسکیو کۆتایی بەم بەشە بهێنین، کە بێگومان کۆتایی نایەت. مۆنتسکیو دەڵێت: "داڕزانی کۆمەڵگاکان، ئەو ساتەوەختەی لۆجیکی ستەمکاری و کوشتار باڵادەست دەبێت، زادەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە لە نائامەدەگی یاسادا."

**ڕزگار عومەر: - حیزب و حیزبایەتی، نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هەموو ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەندیەکی نەبووە بە بزوتنەوەیەک بۆ دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. من خۆم لەگەڵ ئەوە هاوڕام کە حیزب تەنیا وەسیلەیەکە بۆ پارێزگاری، وەرگرتن و جێ گۆڕکێ لە دەسەڵات، جا ئەم حیزبە چ خۆی لە دەسەڵات بێ کە ناجارە بۆ مانەوە لە دەسەڵات حیزب بەکاربێنێ، چ لە ئۆپۆزسیۆن بێ کە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات حیزب بەکاردێنێ. بەڵام ئەم جۆرە لە تێگەیشتن بە جۆرێک لە نائومێدیەوە هێشتا بەرپەرچی دەدرێتەوە، جەماوەرێکی بەرین لە دەرەوەی حیزبەکاندا پرسیاری زۆرە لەو وەسیلەی کە دەتوانێ بەکاری بێنێ بۆ بە دەست هێنانی گۆڕان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا، پرسیار لەوەی گۆڕان لە کۆمەڵگە چۆن بەبێ حیزب و بەبێ رابەرەکانی مەیسەر دەبێ؟ ئێمە لە دەرەوەی حیزبدا ڕێگایەکی تر هەیە بیگرینە بەر بۆ دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی؟**

بەختیار کەریم: – سەرەتا پێویستمان بە ڕشتنی ئارەقێکی زۆر نییە بۆ ئەوەی تێبگەین لەوەی کە حیزبێک خاوەنی ستراکتچەرێکی دیمۆکراسیانە نەبێت، لە ئاستی کۆمەڵایەتشدا هیچ باکی بە دیمۆکراسی نابێت. حیزبەکانی لای ئێمە پاشماوەی لافاون و لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەڵەکە بوون، بۆگەنیان ڕۆژەڕێیەک دەڕوات و کەس نییە گسکیان لێبدات بۆ نێو زبڵدانەکانی مێژوو. بۆ ئەوەی لە حیزبی کوردی و خولیا ستەمکاریەکانی تێبگەین دەبێت بەرلەوەی چاودێرییەکی ئیمپێریکی کردە سیاسیەکانی بکەین، ڕامانێکی قووڵمان هەبێت لە ستراکچەری خودی حیزب. کاتێک دەڵێین حیزبەکانی ئێمە پاشماوەی لافاون، بەو واتایەیە کە ئەم حیزبانە تا ئەم ساتەوەختەش ستراکچەرێکی ستالینستانەی حیزبیی تیایاندا باڵادەستە. هیرارکیەتی نێو حیزب لە سکرتێر/سەرۆکەوە بۆ "مەکتەب سیاسی" و خوارتر، هیرارکیەتێکە وێڕای ئەوەی ئەندامەکانی لە کۆمەڵێک ئاستدا دەگۆڕێن یان ترۆدەکرێن، بەڵام هەرگیز لە بەرزترین ئاستدا ناگۆڕێن. تۆ پێمان بڵێ کام حیزبی کوردی سەرکردەکەی گۆڕاوە، مەگەر لە ئەنجامی مەرگی ئەو سەرکردەیە نەبووبێت؟ ئەم ستراکچەرە ستالینیستیە، ستراکچەرێکە بە واتای وشە تۆتالیتار، سەرۆک لە هەناوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە، لاپەڕەی یەکەمی ئۆرگانی حیزب بەبێ وێنەی سەرۆک شتێک نییە سەرنووسەر بتوانێت بیری لێبکاتەوە، دەنگوباسەکانی تەلەڤزیۆنی حیزب نیو سەعاتی یەکەمی بۆ کار و چالاکیەکانی سەرۆک تەرخانە. هەموو ئەو حیزبانەی لەژێر کاریگەری هزری سیاسی مارکسیزمدا بوون لە ئاستێکی زۆر نزمی دیمۆکراسیدان ئەگەر تۆتالتێر نەبن، ئەمە شتێکە لەسەر ئاستی جیهانیدا وایە. با پارتی کرێکارانی بریتانی بە نمونە وەربگرین، تا هەنووکە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی حیزب تێکەڵەیەکە لە هەڵبژاردنی سەندیکایی و شتێک کە لە مەکتەب سیاسی دەچێت. لەکاتێکدا حیزبە نەیارەکەی ئەم کە پارتی کۆنسێرڤەتیڤە لە بڵندترین ئاستی دیمۆکراسیدایە لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی سەرۆکی حیزب، ئەوە ئەندامانی حیزبن کە سەرۆک هەڵدەبژێرن نەک ئەندامانی پەرلەمان یان هەر ئۆفیسێکی باڵای ئەو حیزبە، دوا بڕیار لای هاوڵاتیانە کە ئەندامی ئەو حیزبەن.

لێرەوە بەدەر لەوەی حیزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاکە دەروازەیە بۆ سیاسەتکردن، بەدەر لەوەی حیزب تاکە ڕێگەیە بۆ بە ئەندامبوون لەو دامەزراوە عەنتیکەیەی پێی دەڵێن پەرلەمانی کوردستان، حیزب کەرەستەیەکە بۆ کوشتنی تواناکانی داهێنان و خەفەکردنی هزری بیرکەرەوە. حیزبی کوردی کە پاشماوەی تێڕامانی مرۆڤایەتیە بۆ سیاسەت لە پاش جەنگی دوومی جیهانی، جێگایەک نییە بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت خەونە یۆتۆپیەکانت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بخەیتە بواری تاقیکردنەوەوە. تۆ بڕوانە هەموو حیزبێک لای ئێمە خاوەنی "قورئانێکە" کە ئەندامان دەبێت پیت بە پیت پێوەی وابەستەبن، بەڵام سەرۆک کاری پێناکات، ئایا تۆ دەتوانیت بەم میکانیزمەی کارکردن لەناو حیزبدا هەوڵی بچوکترین گۆڕان بدەیت؟

گوومڕاییەکی پشتشکێنە ئەگەر ئێمە پێمانوابێت لە ڕێگای حیزبی کوردیەوە، بەو ستراکچەرە هەنووکەییەیەوە، بتوانین هەنگاو بەرەو دیمۆکراسی بنێین. حیزب کە دەسەڵات وەک درێژکراوەی سێبەرە تۆتالیتارەکەی خۆی دەبینێت، خودی خۆی ڕێگرە لە هەموو هەوڵێک بۆ دیمۆکراتیزەکردن، ئیدی چۆن دەکرێت بیکەینە ئامراز بۆ دیمۆکراتیزەکردن. چ خۆشخەیاڵیەکە چاوەڕوانی دیمۆکراتیزەکردن لە دوو حیزبی خێڵەکەی وەک پارتی و یەکێتی بکەین، چونکە ئەم دوو حیزبە هەمان هیرارکیەتی خێڵکەی و تۆتالتێریان گواستۆتەوە نێو دەسەڵات و هەموو کایە سیاسیەکانی دیکە. حکومەتی هەولێر ڕەنگدانەوەی هەمان پرۆسەی "بارزانیزەکردنی" پارتیە، هەروەک چۆن حکومەتی سلێمانی بەرجەستەکردنەوەی هەمان عەقڵیەتی "تاڵەبانیسالاری" یەکێتیە.

کارەساتەکە لەوەدا نییە پارتی و یەکێتی دوو حیزبی خێڵەکیی تۆتالیتارن، کە ئەگەری گۆڕینی سەرۆک لەنێویاندا ئەستمترە لە ئەگەری هەڵگەڕانی گوێرەکە بە پەیژەدا، کارەساتەکە لەوەدایە کە هەمان ئەم ستراکچەرە دابەزێنراوەتە نێو کۆی کایە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئێمەوە. کۆی میدیای کوردی کار لەسەر ئارایشتکردن بۆ ڕووخساری ئەم دوو سەرکردەیە و سێبەرەکانیان لەنێو بنەماڵەکانیاندا دەکەن، ئەمڕۆ هەنگاونانێکی چڕ هەیە بۆ هاوتاکردنی سیمای ئەم سەرۆکانە لەگەڵ چارەنووسی نەتەوەی ئێمەدا، پرۆسەیەکی سیستەماتیک هەیە بۆ گەورەترکردنی ئەم دوو لە هەموومان و لە خودی ژیان. لە ڕاستیدا ئەوەی ڕێگرە لەوەی بارزانی ببێتە مۆسۆلینی کە دەوڵەتی لە خۆیدا کورت کردبووەوە تاڵەبانییە، ئەوەش ڕێگرە لەوەی تاڵەبانی هەمان پرۆسە بەڕێوە ببات بارزانییە. تۆ بڕوانە هەموو ڕیککەوتنێکی نێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنێکی نێوان بارزانی و تاڵەبانییە، هەموو دەستهەڵبڕینێکی ئەندامانی پەرلەمان دەستهەڵبڕینێکی ڕەمزی ئەم دوو پیاوەن.

لێرەدا سەرنجێکی کورت لەو حیزبۆچکە دەستوپێ سپییانەی کوردستان خۆی دەسەپێنێت. سەرەتا هەرچیەک گووترا لەسەر پارتی و یەکێتی تەواو دروستە بۆ ئەو حیزبۆچکانەی دیکە، کە یان دەستکەلای ئەم دوو حیزبەن یان درێژکراوەی ئایدۆلۆجی ئەمانن. ئەم هێزانە هەرگیز بچوکترین ئەگەری دەسەڵات گرتنە دەستیان نییە، لەڕاستیدا ئەگەری توانەوەیان لە نێو حیزبی باوکدا زیاترە وەک لەوەی بچوکترین کاریگەرییان هەبێت لەسەر کایە سیاسیەکانی کۆمەڵگای ئێمە. بەڵام لەم دەستەوسانییە ئیسلامیەکان بەشی مشکیان بەردەکەوێت، چونکە ئیسلامیەکان جگە لەوەی لەسایەی گەندەڵیی پارتی و یەکێتیدا پێگەی جەماوەری خۆیانیان بەرینتر کردوە، توانایان هەیە کە هەڕەشەی ڕاستەقینە بن بۆ سەر دەسەڵات، چونکە ئەم هێزانە جیاواز لە هێزە بەناو عیلمانیەکان (شیویعییە نوێژپاکەکان بۆ نمونە)، توانیویانە سنوورێک بۆ هەژموونی پارتی و یەکێتی دابنێن، هەژموونیک کە هەموو حیزبەکانی دەستەوسان کردوە.

سەبارەت بەوەی ئایا ڕێگەی تر هەیە لە دەرەوەی حیزب و سەرکردەکاندا، ئێمە بتوانین لەڕێگەیەوە گۆڕان بەرپابکەین و دیمۆکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتی بەدیبهێنین. لەڕاستیدا نەک ڕیگە هەیە کە لە دەرەوەی حیزب و سەرکردە نەزانەکاندا گۆڕان بەرپابکەین، بەڵکو تاکە ڕێگەیەک هەبێت لە دەرەوەی حیزبدایە. هەموو هەوڵێک دەبێت لە دەرەوەی حیزبەوە دەستپێبکات بۆ چاکردنی کۆمەڵگا و پەنیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لەگەڵ حیزبدا، کاتێک توانیمان ئەو تێگەیشتنە تەندروستە لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەستبەر بکەین، کە پێیوایە حیزب جگە لە کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بۆ خزمەتکردن هیچی دیکە نییە، هەروەها سەرکردە جگە لە خزمەتکارێکی بەکرێگیراوی کۆمەڵگا زیاترنییە، ئەوکات دەتوانین قسە لەسەر دیمۆکراسی و دادوەری بکەین. قسەکردن لەسەر دیمۆکراسی و دادوەری وەک خەون و خولیا جیاوازە لە قسەکردن لە دیمۆکراسی وەک واقیعێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی. لێرەوە بەر لە هەموو شتێک لە کاتی قسەکردنماندا لەسەر دیمۆکراسی پێویستە بەردەوام جەخت لەوە بکەینەوە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا شتێک نییە ناوی دیمۆکراسی بێت، دەکرێت خەون و خولیا هەبێت بۆ هەنگاونان بەرەو دیمۆکراسی بەڵام ئێمە تاکە یەک هەنگاو چییە بەو ئاراستەیەدا نەمان هاویشتوە.

ئەو سەرەتا گرنگەی ئێمە دەبێت بیکەینە یەکەم هەنگاو بەرەو دیمۆکراتیزەکردن و فەراهەمکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیی، بریتیە لە ڕاستکردنەوەی تێڕامانی کۆمەڵایەتییمان بۆ حیزب، سەرکردە و خودی دیمۆکراسی. ئەم هەنگاوە ناهاویژرێ ئەگەر ئاگاهیی و مەعریفەی تەندروست لەو ئاستە بەرتەسکەی ڕۆشنبیرانەوە درێژنەکرێتەوە بۆ نێو زۆرینەی کۆمەڵگا. چونکە لەگەڵ فراژانی ئەو ئاگاهییەدا کۆمەڵگا بۆ خۆی هەنگاودەنێت بەرەو دیمۆکراتیزەکردن و دادوەرییەکی کۆمەڵایەتیی کە بە دروستی دەزانێت. کاتێک کۆمەڵگا ئەم ئاگاهییەی بەدەستهێنا خۆی دەبێتە پاسەوانی ئازادییەکانی و پێویستی بە دۆرکانی حیزب نابێت، ئەوکات حیزب دەبێتە دامەزراوەیەکی زیادەی ناو کۆمەڵگا کە تەنها کۆمەڵێک ژن و پیاوی درۆزن کاری تێدا دەکەن، ئەوکات حیزب جگە لە کەرەستەیەکی لاوەکیی بۆ سیاسەتکردن هیچی دیکە نابێت. وەک "جەیمس مادەسن" یەکێک لە باوکانی دەستوری ئەمریکی دەڵێت: "بەرەوپێشبردن و بڵاوکردنەوەی مەعریفە تاکە پاسەوانی ڕاستەقینەی ئازادییە". دیمۆکراسی بەر لە بەدەستهێنانی ئازادیی خەونی ئەو نەعامانەیە کە سەریان دەکەن بەژێر لیتاودا، چۆن دەکرێت لە

کۆمەڵگایەکدا قسە لەسەر دیمۆکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی بکەین کە سەرکردەیەک کۆی کۆمەڵگا بە خزمەتکاری خۆی دەزانێت و هەموو جیهان بروخێت ئەو دەستبەرداری پۆستەکەی نابێت. لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا تۆ بەر لە دیمۆکراسی پێویستە خۆت لە کۆتەکانی حیزب و خێڵ قوتاربکەیت، پێویستە شکۆی ئەو حیزبانە بخەیتە ژێر پرسیارەوە کە کار بۆ بەردەوامیی هەژموونی بنامەڵەیەک و چەند سەرکردەیەک دەکەن لەسەر ئەو حیزبانە. با بە ئاماژەدان بە گووتەی سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکی کۆتایی بەم بەشە و قسەکردن لەسەر پەیوەدنی ئازادیی و دیمۆکراسی بهێنین. "دیدرۆ ویلسن" دەڵێت "ئازادیی هەرگیز لە حکومەتەوە نایەت. ئازادیی هەمیشە لە حوکمکراوانەوە هاتوە و دێت. مێژووی ئازادیی مێژووی بەرەنگاربوونەوەیە. مێژووی ئازادیی مێژووی بەرتەسکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتە نەک بەپێچەوانەوە."

**رزگار عومەر: - توندو تیژی نەک تەنیا لەلایەن دەسەڵاتەوە پیادە دەکرێ،بەڵکو لە نێو نارەزایەتیە جەماوەریەکانیش بە هۆی جیا جیاوە خۆی دەنوێنێ. ئایا خەیاڵە یان مومکینە، چەمکی 'ئەنتی توندو تیژی' بکەینە یەکێک لە ستراکۆرەکانی پرۆژەیەک بۆ خەباتی جەماوەری لە پێناوی دیموکراسی و عەدالەتدا؟**

بەختیار کەریم: – ناکرێت قسە لەسەر کاردانەوەی توندوتیژانەی خۆپیشاندەران نەکەین، بەتایبەتی لە هەڵەبجە، بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە. پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە وشەی کاردانەوە بەمەبەست بەکاردەبرێت، چونکە ئەو توندوتیژیانە کاردانەوەیەکی هەرەمەکی خۆپیشاندەران بوون لەبەرامبەر دڵرەقی پیاوانی ئاسایشدا، نەک توندوتیژیەکی سیستیماتیک، لێرەوە رووداوەکانی هەڵەبجە دەکەینە دەروازەی وەڵامدانەوەمان. ئەوەی لە هەڵەبجە روویدا و پاشان کاردانەوەی بەشێکی فراوانی نووسەر و رۆشنبیران مایەی خەمێکی گەورەیە، ئاماژەیەکی زیندوە بۆ ئەو راستیەی کە کۆمەڵگەی ئێمە تا ئەم ساتەوەختەش ئەوەندەی گرنگی بە سیمبوڵە پیرۆزەکانی دەدات نیو ئەوەندە بایەخ نادات بە رۆحی مرۆڤەکانی. سەرەتا کاردانەوەی یەکێتی لە هەڵەبجە پەلەقاژێی بەر لە مەرگی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی یاد هێنایەوە، ئەو دەسەڵاتانەی تەنانەت بەر لە مەرگیشیان ئامادەن جێدەستی بەربەریانەی خۆیان لەسەر جەستەی کۆمەڵگا جێبهێڵن. یەکێتی کارێکی کرد کە مێژوو وەک تاوان ئاماژەی پێدەدات و لە یەکێک لە رەشترین لاپەرەکانی خۆیدا تۆماری دەکات. هەڵوێستی یەکێتی کە ئەگەرچی بۆ جاری یەکەم نەبوو، بەئاگاییهێنانەوە کە ئەم حیزبە بەو ستراکتورە تۆتالیتارەوە هێشتا بە هەزاران میل دوورە لە دیمۆکراسیەوە. لێرەدا ئەوەی جێگای بایەخی ئێمە نەبێت سووتاندی مۆنۆمێنتە، ئێمە ناخوازین بەشداربین لەو ئەتمۆسفێرە مێگەلییەی پرسەی دانا بۆ ئەو مۆنۆمێنتە و هیچیان نەبوو لەسەر مەرگی لاوێک بیڵێن. ئەمە هەرگیز بەو واتایە نییە کە ئێمە لە هەوڵی دۆزینەوەی شەرعیەتدا بین بۆ سووتاندنی هەر شتێک، تەنانەت ئەگەر تۆتۆمۆبێلی سەرکردە دزەکانیش بێت، بەڵکو دەخوازین جەخت لەوە بکەینەوە کە پرسەی کۆمەڵگای ئێمە دەبوایە بۆ ئەو لاوە بوایە کە جیهانێک بوو لە خەون و خولیا و دەکرێت بە دەیان چیرۆک و رۆمانی لەسەر بنووسرێت.

بەڵام وەک هەمیشە نووسەرە پاداشتپەرستەکانی پاشکۆی حیزب، ئەو لاوانەی لەو خۆپیشاندانەدا بەشداریان کرد بە دڵرەش و هەتا تیرۆریست لە قەڵەمدا. هەندێکیان ئەوەندە گەمژەبوون چوونە سەر تەلەفزیۆن و کەوتنە سەفسەتە لەسەر هەبوونی دەستی دەرەکی و شتی عەنتیکەی لە چەشنی "تیۆری پلانگێری"، کە برا عەرەبەکانی ئەم ئەزیزانەمان زۆر بەناوبانگن پێی. تۆ بڕوانە تا ماوەیەکی زۆر تەلەفزیۆنە کوردیەکان مۆنۆمینتەکەیان بەر لە سووتانی پیشان دەدا، بەڵام کەس بۆ پێنج خولەک 'کوردۆ'یان بەر لە شەهیدبوونی پیشان نەدا. هەموو کەوتنە گێڕانەوەی چۆنێتی دروستکردن و سووتانی ئەو مۆنۆمێنتە، بەڵام کەس باسی لە پێگەشتن و پاشان شەهیدکردنی ئەو لاوە نەکرد. کاردانەوەی نووسەران و رۆشنبیرانی ئێمە، چەند کەسێکی کەمیان لێدەرچێت، کاردانەوەیەکی زۆر شەرمهێن بوو، لەبەرئەوە ناکرێت ئێمە چاوەڕوانی دیمۆکراسی و دادوەری بکەین لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا. لەڕاستیدا ئێمە چەند نەوەیەکمان دەوێت بۆ بەدیهێنانی ئەم کارە، ئێمە پێویستمان بە دابڕانێکی تەواو هەیە لەگەڵ ئەو عەقڵیەت و جیهانبینیەی رۆشنبیرانی ئێمە دونیای پێ دەخوێننەوە. ئەم ئەزیزانە وەک پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ئەگەرچی کۆپیەکی سەقەتی برایانی عەرەبیانن، بەڵام دەستەوسانن لەو راستیە

تێبگەن کە دەسەڵاتی کوردیش هاوشێوە کۆپیەکی سەقەتی حیزب و دەسەڵاتە عەرەبیەکانن. لێرەوە دەبێت چ پاساوێک هەبێت بۆ تێنەگەیشتنی ئەم ئەزیزانە لە گەمەی تاوانبارکردنی لایەنێکی وەهمی بە پێودانگەکانی "تیۆری پلانگێڕیی" کە تیۆرێکی بەناوبانگی جیهانی عەرەبیە.

ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمە دەخوازێت ڕێز لە شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و هەموو شەهیدەکانی دیکەی بنێت، پێوست ناکات مۆنۆمێنتیان بۆ دروست بکات، یان لەسەر تەلەڤزیۆنەکان بە مۆسیقایەکی غەمگینەوە شاعیرێک وەک نێرەکەر بزەڕێنێت بەناوی یادکردنەوەیانەوە. ئەوەی پێویستە بکرێت گۆڕینی تێڕوانینی ئێمەیە بۆ پاداشتدانەوەی ئەو مرۆڤە باڵایانەی کە ناکرێت لەیادیان بکەین، بەڵام دەبێت هەموو ڕێزلێنان و یادکردنەوەیەک بە ڕێزلێنان و دڵشادکردنی کەسوکاریان دەست پێبکات نەک بە هەڵواسینی وێنەکانیان. بۆ کردنی ئەمە پێویستمان بەوە هەیە شەهیدەکان لە چنگی حیزب دەربهێنین کە وەک هەموو شتێکی دیکەی مردوو و زیندوو بازرگانیەکی قێزەونیان پێوەدەکات. ئەوەی زۆر سامناکە ئەمڕۆ لەگەڵ ناشیرینتربوونی سیمای حیزب و چەتەکانیدا، سیمای ئەو شەهیدانەش ناشیرین بێت کە کۆمەڵگای ئێمە قەرزەکانی نەداونەتەوە، ئەوەی دەبێت جێگەی نیگەرانیی گەورەمان بێت هێشتنەوەی پیرۆزیی شەهیدانمانە لە تێڕوانینی هەموو نەوە نوێکانی کۆمەڵگاکەماندا. بەڵام ئەمە بەبێ گێڕانەوەی شەهیدان بۆ خودی جڤاتی کوردی ناکرێت، کەی کۆمەڵگەی ئێمە خۆی بووەوە خاوەنی شەهیدەکانی، ئەوکات دەتوانین بەبێ مۆنۆمینت ڕێز لەو ڕۆحشادانە بگرین، کە شایانی هەموو شتێکن. دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە دروستکردنی مۆنۆمێنت و شتی لەو جۆرە، میتۆدێکی لەڕۆژبەدەری ناشیونالیزمی خێڵەکیە، ئەم جۆرە لە یادکردنەوە بۆ ناشیونالیزمێک ڕەوایە کە بەڕاستی خەونی سەربەخۆیی هەبێت، نەک هێزێکی وەک یەکێتی و پارتی کە هەموو وزە و تواناکانی خۆیان ئاراستەی عێراقیزەکردنی کومەڵگای ئێمە دەکەن. لێرەوە هەموو گووتارە ناشیونالیستیەکانی یەکێتی و پارتی، هەموو ئەو مۆنۆمێنتانەی دروستی دەکەن، جگە لە درۆیەکی شاخدار و هەوڵێک بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی ئێمە هیچی دیکە نییە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی تۆی ئەزیز، ڕەوایە سەرەتا لە خۆمان بپرسین، ئایا پرۆژەیەک، یان لانیکەم خولیایەکی جەماوەری بەرین هەیە بۆ دیمۆکراسی و دادوەریی تا ئەوەی بەڕێزت بە 'ئەنتی توندوتیژی' ناوی دەبەیت بکەینە ستراکتۆری ئەو پرۆژەیە؟ لەڕاستیدا وەک لەسەرەوە بە درێژی لەسەری دواین ئەم ناڕەزاییە جەماوەریانە خاوەن ستراێژ و جینهابینی خۆیان نین، ئەمانە ئەگەرچی ناڕەزایی ڕەوای توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمەن، بەڵام نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە داواکاریی کۆنکرێتیی خۆیان ئاراستەی دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و فەراهەمکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی بکەن. هەموو ئەو قسەکردن و نووسینانە لەسەر دیمۆکراسی وەک پێشتر گووتمان، بەشێکن لە تیۆریزەکردنی وەهم و خورافە، بەشێکن لە پرۆسەی شیعراندنی سیاسەت و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئێمە کە کۆمەڵێک نووسەر زۆر نابەرپرسانە سەرقاڵن پێوەی. ئەزیزم نە دیمۆکراسی و نە دادوەری کۆمەڵایەتی کۆتایی بە ناڕەزایی جەماوەری دەهێنێت، نە ناڕەزایی جەماوەریش لەم فۆرمەی ئێستایدا دیمۆکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکات. کام کۆمەڵگای دیمۆکرات هەیە خۆپیشاندای تێدا نەکرێت؟ هاوکات کەم نین ئەو دەوڵەتانەی هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە تۆتالیتێر بوون، کەچی خۆپیشاندانیان تێدا دەکرێت. ئەوەی مەبەستمانە، ئەوەیە کە هەڵەیەکی کوشندەیە کە دیمۆکراسی و دادوەری کۆمەڵایەتی گرێبدەین بە خۆپیشاندانەوە، هەڵەیەکی گورچکبڕە کۆی کۆمەڵگایەک لە چاوەڕوانی خۆپیشاندانی لاواندا بێت بۆ ئەوەی گۆڕانی بنەڕەتی لە چەشنی دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بەدیبهێنێت. تۆ بڕوانە ڕۆشنبیرانی ئێمە لە دوو ساڵی ڕابووردوودا سەدان و بگرە هەزاران وتاریان لەسەر خەبات و خۆپیشاندانی لاوان نووسی، کەچی خۆیان ڕۆژێک نەچوونە ڕیزی ئەو خۆپیشاندەرانەوە، یان خۆیان خۆپیشاندانێکیان ڕێک نەخست. ئیتر خۆشاردنەوە و هەڵهاتنە لە بەرپرسیارێتیی، باس لەوە بکەین کە ئەو خۆپیشاندانانە تەنها دەروازەی کۆمەڵگای ئێمەن بۆ دیمۆکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتی. ناکرێت ئێمە باس لە دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردی بکەین کاتێک حیزب "ئەفواج خفیفة" بۆ ڕۆشنبیر و نووسەران دەکاتەوە و وەک مێگەل لێیان دەخوڕێت و ئەم

ئەزیزانەش هەموو وزە و تواناکانی خۆیانیان خستۆتە بازاڕەوە. ئەمە ئەوپەڕی بێباکیی و تەمەڵیی توێژە کاریگەرەکانی ئێمە پیشان دەدات، هەم لە هەمبەر ئەو خۆپیشاندانانە و هەم لە هەمبەر خولیا جەماوەرییەکان بۆ گۆڕان.

**رزگار عومەر: - لە 6 مانگی ڕابردوودا دوو کێشە بوو بە گۆڕەپانی ڕووبەڕوونەوە. کێشەی د.کەمال و کێشەی مەریوان هەڵەبجەیی. ئەم دوو کێشەیە لەزۆر لاوە دەکرێ هەردووکیان بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. ئایا تۆ خۆت لەو باوەڕەی کە بێجگە لە فاکتەری ئازادی بیروڕا، هەردوو کێشەکە بە هەموو تایبەتمەندی و لاوازی خۆیانەوە، فاکتەری هێرش بۆسەر 'موقەدەس' کۆیان دەکاتەوە، یەکێکیان هێرشە بۆ 'تابو' سیمبولی موقەددسی دەسەلات، ئەویتریان هێرشە بۆ 'موقەدەس' ئاین و ئەو حیزبانەی لە پشتیەوە هەناسە دەدەن؟**

بەختیار کەریم:- دیاردەیەکی گرنگ کە ئەم دوو کێشەیە پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵی، ڕۆڵی ئەو ڕۆشنبیرانە بوو کە لەم چەند ساڵەی دوایدا سەرقاڵی تیۆریزەکردنی کۆمەڵێک چەمکن کە لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونیان نییە. چەمکی وەک "دیمۆکراسی کوردی"، "کۆمەڵگای مەدەنی کوردی"، "پەرلەمانی کوردی"، و "مافی مرۆڤی کوردی" لەو چەمکانە بوون کە ئەم ئەزیزانە باوەشی نەزانییان پێداکردبوو، بەشداربوون لە پرۆسەی دروستکردنی وێنەی خورافی بۆ دەسەڵاتی کوردی کە لەسەرەوە لەسەری دواین. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم کێشانەدا ئەم ئەزیزانە تۆپیان هاوێشت، هیچیان نەبوو لەسەر ئەم دۆزە گرنگانە بیڵێن، چونکە ئەو دوو ساتەوەختە دوو ساتەوەختن بوون کە زۆرترین درۆی ڕۆشنبیران و سیاسیەکان ئاشکرابوون. لە هیچ ساتەوەختێکی مێژوویدا ڕووینەداوە کە ڕۆشنبیران بەو شێوە مێگەلیە خۆیان بفرۆشن، هاوکات لە هیچ ساتەوەختێکی مێژوویدا ڕووینەداوە کە ڕۆشنبیران ئەوەندە بێویژدان بن ئەو هەموو درۆیە کەڵەکە بکەن. تۆ براوانە ژیانی نووسەرێک دەکەوێتە مەترسیەوە و یەکێکی دیکە بە سی ساڵ زیندانی دەکرێت، کەچی ئەو بوونەوەرانەی پێیاندەڵێن دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی ورتەیان لێوەنەهات، تەنانەت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بوونی خۆیان بۆڵەیەکیان نەکرد. ئەو هەموو ڕۆژنامە بەناو ئازادە تەنها وەک هەواڵ باسیان لە کێشەکان دەکرد، بێگومان بە بیانوی ئەوەی کە بێلایەن و سەبەخۆن. لەهەمووی کۆمیدییتر ئەو بوونەوەرەی پێیدەڵێن پەرلەمانی کوردستان وەک هەمیشە هیچی نەبوو بۆ گووتن بەڵکو لە چاوەڕوانی بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەولێردا بێدەنگیی دایدەکرۆشتن. لەڕاستیدا ئەو بینایەی ئەم بوونەوەرە دەستوپێ سپیە داگیری کردوە بۆ ئەوەی هیچ نەکات، واباشترە بکرێتە سێنتەرێک بۆ خزمەتی کەمئەندامان یان بۆ نیشتەجێکردنی لانەوازانی هەولێر.

سەبارەت بە ئازادی دەربڕین، ناکرێت هەنگاونان بەرەو دیمۆکراسی بە فەراهەمکردنی ئەم دیاردەیە دەستپێنەکات. کانت بیبەشکردنی مرۆڤ لە ئازادیی دەربڕین لە هزر دەبەستێتەوە بە بێبەشکردنی هەمان مرۆڤ لە بیرکردنەوە. گرنگ نییە ئێمە دەربڕین لە هزرێک دەکەین کە دواجار تێدەگەین هەڵەیە، گرنگ ئەوەیە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی لەبار فەراهەم بکەین بۆ دەربڕین لە هزرەکانمان، ژینگەیەک کە تێیدا لە ئەنجامی ڕاگۆڕینەوە و بەریەککەوتنی بۆچوونەکانمان بتوانین ئەم بۆچوونانە بەراورد بکەین و هەڵە و ڕاستییان تاقیبکەینەوە و لە ئەزموونی یەکدی فێرببین. بۆ تێگەیشتن لەم گرێدانەی ئازادیی و بیرکردنەوە لای کانت پێویستمان بە ڕشتنی ئارەقێکی زۆر نابێت بۆئەوەی تێبگەین کە نەبوونی ئازادیی لەو سیستەمانەدا کە ڕاستییەکان پێشوەخت بڕیاریان لەسەر دراوە، لەلایەن ئایینەوە یان هەر جۆرێک لە ئایدۆلۆجیاوە، بەواتای نەبوونی مرۆڤی بیرکەرەوەیە. هەریەک لە سیستەمەکانی سەرکوتگەر، تۆتالیتار و ئەتۆریتێریان لەڕێگای سنووردارکردنی ئازادییەوە هەوڵدەدەن شەڕی هزر و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکەن. هاوکات نەبوونی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کۆمەڵگا دەکاتە جەستەیەکی بەرخۆر کە توانای فەراهەمکردنی خۆشبەختی نیە بۆ ئەندامەکانی. زۆر گرنگە بزانین کە بۆچوونی پووچ، بۆچوونێک کە توانای نەبێت لەژێر تاقیکردنەوە و لە بەراورد لەگەڵ ئەزموندا خۆی ڕابگرێت، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ناتوانێت بەئاسانی جێگەی خۆی بکاتەوە، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە خاوەنی ئەزموونی درێژن لە وتووێژ (debate)ی کۆمەڵایەتیی. ئەوەی پێمان باشە لێرەدا جەختی لێبکەینەوە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە ئایینیەیە کە ئازادی دەربڕین و هەموو مافەکانی دیکە وەک مافی سروشتی دەناسێنێت. ئەم ناساندنەی ماف وەک مافی سروشتی، هەوڵێکی ئایدۆلۆجیی و ئایینیە بۆ شاردنەوەی ئەو

پێشێلکردنانەی ماف، هەوڵیکە بۆ بەرگرتن بە هەموو هەوڵێک بۆ سەندنی ئەو مافانە. کاتێک پێمانوابوو ماف سروشتیە، ئیتر پێویستمان بە خۆ ماندووکردن نابێت بۆ سەندنی چونکە سروشت پێمان دەبەخشێت. بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرەکانی لە شەڕێکی نەپساوەدا نەبن بۆ سەندن و پاشان پاراستنی ئەو مافانە، هەرگیز ئەو مافانە نابارێن بەسەرماندا. ئەم تێڕوانینە ئایینەیە شتێکی نوێ نییە، ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا بیریارێکی وەک "دەیڤد میڵ" کە باوکی "جۆن ستیوارت میڵ"ە گووتوویەتی کە: "دەستەواژەی مافە سروشتیەکان تەنها قسەی پووچن" هاوڕێکەی "جێرێمی بێنسام" بۆی زیاد دەکات و دەڵێت: "مافە سروشتیەکان نەک تەنها قسەی پووچن بەڵکو قسەی پووچن بەسەر دارشەقەوە". هەمان بیرورا لای "بیرگن ئیڤانس" بەشێوەیەکی جوانتر دەربڕینی لێکراوە، کاتێک دەڵێت: "ئازادیی دەربڕین و ئازادیی کردار بێمانان بەبێ ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادیی بیرکردنەوەش بوونی نییە بەبێ گومانکردن". لێرەوە تێڕاوانینی کۆمەڵگا بۆ ماف زۆر گرنگە، چونکە کاتێک تێگەیشتین ماف و دابینبوونی بەرئەنجامی خولیاکانی مرۆڤیماندونەناسە، کاتێک زانیمان ماف و پاراستنیان جەنگێکی بەردەوامی پێویستە لەگەڵ دەسەڵاتدا، ئەوکات دەتوانین هەوڵی بەدیهێنانی مەفەکانمان بدەین و لە جەنگێکی بەرداوامدا بیانپارێزین. بێگومان لە هەناوی ئەو ماف و ئازادییانەدا کە ناکرێت دەستبەرداری بین، یان لە پێشێلکردنەکانی خۆشبین، ئازادیی دەربڕینە.

پرسیارەکەی تۆی خۆشەویست هەوڵ دەدات لایەنێکی گرنگی ئەم کێشانە زەقبکاتەوە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئێمەیە لەگەڵ موقەدەسدا. کێشەی دکتۆر کەمال پیشانیداین کە پارتی بۆ پاراستنی قودسیەتی سەرکردەکەی ئامادەیە ناوبانگی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوە بزڕێنێت، بۆ ئەم حیزبە گرنگ نەبوو چی لەسەر ئەوترێت بەڵکو گرنگ بوو کە سیمای کۆمەڵایەتی سەرۆک گەردی لێنەنیشێت. تۆ سەرنج بدە دەیان نووسەر پاڕانەوەنامەیان ئاراستەی ئەم حیزبە کرد، ئەوەندە گومڕابوون وایاندەزانی پارتی گوێ لە نووسەر دەگرێت، دەیان نووسەری دیکە ئەم حیزبەیان لەوە ئاگادارکردەوە کە ئەوەی دەیکات هەڵەیەکی کوشندەیە، دەشێت سەدانی دیکە لە دیوەخانەکانی سەرانی پارتیدا هەوڵی چارەسەرێکی "خێڵەکیانەی" کێشەکەیان دابێت. بەڵام هیچ یەک لەمانە نەیانتوانی پارتی لە کەلی ئەهریمەن بهێننە خوارێ و وایلێبکەن کە ئاگای لە شکۆ و ناوبانگی خۆی بێت، چونکە کێشەکە پەیوەندی هەبوو بە سیمای موقەدەسێکەوە کە کۆمەڵگای ئێمە بۆی نییە لەسەری بدوێ. هەر لە کاتی ئەو کێشەیەدا کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر تووسی خۆشخەیاڵیەک بووبوون کە گوایا یەکێتی باشترە، یان وەک هەندێک دەیانگووت دیمۆکراتیترە، وەک ئەوەی دیمۆکراسی ڕەنگ بێت و کاڵ و تۆخی هەبێت. ئەم ئەزیزانە لەگەڵ ڕووداوەکانی هەڵەبجەدا تێگەیشتن لەوەی کە چەند گومڕابوون. چونکە ئەگەر کێشەی "کەمالگەیت" ئەو ڕاستیەی بۆ دەرخستین کە پارتی ئامادەیە بۆ پاراستنی هەیبەتی سەرکردەکەی ناوبانگی خۆی بزڕێنێت، ئەوا ڕووداوی هەڵەبجە جگە لەوەی دیوە بەربەری و مرۆڤکوژەکەی یەکێتی بۆ نمایشکردین، گەورەترین سوکایەتی ئەم دەسەڵاتە بوو بە پیرۆزترین سیمبوڵی نەتەوایەتی ئێمە. هەر لەکاتی نووسیندا دەبیستین کە دادگایەک لە سلیمانی "ئاسۆس هەردی" و "توانا عوسمان"ی بە شەش مانگ زیندانی لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردندا سزاداوە. لەڕاستیدا ئەمە ئاماژەیەکی سامناکی دیکەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتارەی هەوڵ دەدات لەڕێگای یاساوە تۆڵەی برینەکانی خۆی لە کۆمەڵگای ئێمە بکاتەوە، ئەو برینانەی سەرکردە دزەکان خستویاننەتە جەستەی ئەم دەسەڵاتەوە.

هاوکات کێشەی مەریوان هەڵەبجەیی ئیسلامیەکانی گێڕایەوە سەر بنەڕەتی خۆیان. بنەڕەتێک کە ڕەگی لە نێو ئایدۆلۆجیایەکدا داکوتاوە کە خەونی گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە بۆ سەربازگەیەکی هەمیشەیی، سەربازگەیەک بە شمشێر موقدەسەکانی ئەم ئایینە بپارێزێت ئەگەر تەنانەت لە دانیمارکیش بووە. ئەم بنەما ئایدۆلۆجییەی هێزە ئیسلامیەکانی ئێمە، خولیای گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە بۆ مۆڵگەیەک لە ژنی داپۆشراو کە بە دەرزەن موڵکی پیاوێکن. کێشەی مەریوان ڕوخساری ڕاستەقینەی هێزە ئیسلامیەکانی کۆمەڵگای ئێمەی لە ڕووناکیدا نمایشکرد، ئەو ئارایشتەی کە گروپبەندییان دەکات بۆ نیانڕەو و توندڕەو وەک بڵقی سەر ئاو تەقی و دەرکەوت کە ئەم هێزانە هیچ جیاواز نین و بەیەک سک لەدایکبوون. گەڕانەوەی ئەم هێزانە بۆ بنەما ئایدۆلۆجییەکەی خۆیان کە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ مزگەوتێکی گەورە ناشارنەوە، گرنگی زۆری هەیە کە لێرەدا

ناکەرێت زۆری لەسەر برۆین. بەڵام هەموو ئەو بانگەشانەی ئەم هیزانە بۆ 'عەدالەتی' کۆمەڵایەتی، ماف و یەکسانی دەرکەوت کە درۆن، هاوشێوەی بەڵێنەکانی تاڵەبانی و بارزانی هەموو بانگەشەکانی ئەم هێزانەش درۆبوون. هەروەک چۆن پارتی و یەکێتی لە ساتەوەختی قەیراندا تووشی هیستیریایەک دەبن و نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیرانەدا بکەن کە لەگەڵیدا ڕووبەڕوون، بەڵکو پەنادەبەنە بەر توندوتیژیەک کە دواجار خۆیانی پێ شەرمەزار دەکەن. ئیسلامیەکانیش لە ساتەوەختی ئەو تەنگژانەدا هەمان هیستیریای مێگەلییان نمایشکرد و هەڕەشەی کوشتنی نووسەرێکی دانیمارکیان کرد بەبێ ئەوەی بە کۆی چیرۆکەکە ئاشنابن، کە لە ڕاستیدا چیرۆکێکە نمایشی دیوە ڕەگەزپەرستانەکەی خۆرئاوامان بۆ دەکات.

بێگومان شەڕی ئیسلامیەکان لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی و بڵاوکراوەیەکی دانیمارکیدا، جگە لە شەڕێکی خۆترێن لەسەر موقەدەس هیچ ڕەشناڵیکی دیکەی لە پشتەوە نەبوو. هاوکات شەڕی پارتی و یەکێتی لەگەڵ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، شەڕی دوو حیزبی قێزەونە بۆ گێڕانەوەی ئەو شکۆیەی کە کە خەریکە دوا دڵۆپی بڕێژنە نێو گیرفانی دزە گەورەکانەوە. بەڵام ئەوەی ئەم دوو شەڕەی موقەدەس لە یەکجیادەکاتەوە، واتا ئیسلامیەکان لەلایەک و پارتی و یەکێتی لەلایەکی ترەوە، ئەوەیە کە ئیسلامیەکان هەموومان بە جەنگاوەرێکی هەمیشەیی دەزانن لەو شەرە قێزونەیاندا لەگەڵ ئازادیی دەربڕین، بەڵام پارتی و یەکێتی تەنها ئەوانە بە جەنگاوەر دەزانن کە بە مشتێک پارە کەرامەتی خۆیانیان فرۆشت.

لە کۆتاییدا زۆر گرنگە هەڵە تێگەیشتن دروست نەبێت کاتێک بەم شێوەیە قسە لەسەر هێزە ئیسلامیەکان دەکەین، چونکە ئەم هێزانە لە ڕێگای لووت وەردانیان لە هەموو بابەتێک خۆیان کردۆتە بابەت، بەڵام کاتێک دەبنە بابەت گەدەی هەرسکردنی ئەو ڕەخنانەیان نییە کە لێیان دەگیرێت. کاتێک ڕەخنە دەگرن ئەگەر توند وەڵام بدرێنەوە پێمان دەڵێن ئێوە بڕواتان بە ئازادیی نییە، بەڵام ئەوە چ بڕوایەکە بە ئازادیی کاتێک بە ڕەوانبێژیی خەنجەر لەگەڵ نەیارەکەتدا گفتوگۆ بکەیت. ئەگەر ئێمە بڕوامان بە ئازادیی هەبێت ئەوا دەبێت بڕواشمان بە ئازادیی پەرستش هەبێت، بەڵام گرنگە هێزە ئیسلامیەکانی ئێمە لەو مرۆڤە دەروونپاکانەی نێو کۆمەڵگا جیابکەینەوە کە لەڕێگای ئیسلامەوە هەوڵ دەدەن گوتارێکی ئاشتیانە لەگەڵ ئەو خودایەدا بنیاتبنێت کە بڕوایان پێیەتی. هەروەک چۆن هەموو سیاسیەک درۆزنە و بەبێ هەبوونی چاودێری گەندەڵ دەبێت، ئەوهاش هەموو ئیسلامیەکی سیاسیی درۆزنە بەرامبەر هاوئایینەکانی و لە ئامادەگیی چاودێردا دەرزەنێک ژن دەکاتە کەنیزەک و کۆمەڵگاش بە مەیدانییەکی هەمیشەیی جەنگ لەسەر پیرۆزیەکانی ئایینەکەی بەو شێوەیەی خۆی دەبینێت نەک بەو شێوەیەی کە هەیە.

**ڕزگار عومەر: - کاک بەختیار بەناوی خۆم و سایتی دەنگەکان سوپاست دەکەین.**

بەختیار کەریم: - سوپاس بۆ ئێوەی خۆشەویست، کە دەخوازن لەم تاریکستانەی نووسینی کوردیدا مۆمێک ڕۆشنبکەن، هیواداریین کۆڵ نەدەن لە ڕۆشنکردنی ئەو مۆمە، یان لە کاتی ڕۆشنکردنیدا باهۆزی جەهالەت خامۆشی نەکات. تکایە ئێوەی ئەزیز و لە ئێوەش گرنگتر خوێنەرانی خۆشەویست لە درێژی وەڵامەکان بمانبەخشن.